زانكۆی سلێمانی/ كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان
بەشی مێژوو

# كورتەباسێك سەبارەت بە مێژووی هاوچەرخی

# عەرەب

ئامادەكردنی
دكتۆر یاسین سەردەشتیی

# باسی یەکەم
# کۆلۆنیالیزم وشالاوی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان بۆ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست

ئاشکرایە کە جیهان لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە هەنگاوی فراوانی لەپەرەگرتنو فراوانخوازیی بزووتنەوەی کۆلۆنیالیزم بەخۆوە بینی، شۆرشی پیشەسازیی کە سەرەتاکەی لە ئینگلتەراوە ساڵی ١٧٥٠ دەستیپێکردودواتر بە وڵات وناوچەکانی تری ئەوروپادا بڵاوبۆوە، کاریگەری زۆری لەسەر پەرەسەندنی نفوزی دەوڵەتە سەرمایەدارە کۆلۆنیالیزمەکان هەبوو.

یەکێك لەدەرئەنجامە سەرەکییەکانی زێدە بەرهەمهێنانی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان پێویستبوونی بازاڕی دەرەکیی نوێ بوو بۆ ساغکردنەوەی ئەو شمەك وکالایانەی لە پێویستی بازاڕی ناوخۆی ئەو دەوڵەتانە بەدەر بوو، لەهەمان کاتدا دەرکەوتنی مەسەلەی گەڕان بەدوای کەرەسەی خاوو مادە خۆراکییەکان بەتایبەت پاش زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان لە ئەوروپا ودامەزراندنی کارگەو کۆمپانیا پیشەسازییەکان کە زۆر عەوداڵی کەرەسەی خاو بوون، جگەلە کۆبوونەوەی سەرمایە لەدەست خاوەن کارگەو بانكو بۆرجوای خاوەن سامان، ئەوانەی تامەزرۆی کاری سەرمایەگوزاریی و بەگەڕخستنی سامانەکانیان بوون لەو وڵاتانەی دەکەونە دەرەوەی کیشوەری

ئـەوروپاوە، بەتایبـەتی لـە پرۆسـەی هێڵـی ئاسـنییو بانـكو شـتی لەوبابەتە.

هاوكات لەگـەڵ دەركـەوتنی دیاردەی كۆڵۆنیـالیزم لەئـەوروپا، بیری ناسیۆنالیستیی پەڕگیرو شۆفینیزم پەرەی سەندو بڵاوبۆوە، ئەو بیرەی كـەپێی لەسـەر "باڵادەسـتیی رەگـەزیی"و"سـیفاتی نەتـەوەكان" وفراوانخـوازیی دادەگـرتو وەك پـەیامێكی شارسـتانیی باسـی لـە داگیركـردنو ئیسـتیغلالو هورژمكردنەسـەر وڵاتـانی دواكـەوتوو دەكـرا، بـەجۆرێك بەشـێك لەشـاعیرەكانی ئـەوروپا لایـەنگیری كۆڵۆنیـالیزم ئـەو هورژمو داگیركردنەیان بەئەركی سەرشانی "پیاوی سپی" واتە ئەوروپا دادەنا. هەربۆیـە " kipling"ی شـاعیری ئینگلیـزی وتویـە: (( The west is west and east is east and the two will never meet)) واتـە (( رۆژئـاوا رۆژئاوایـە و رۆژهـەڵاتیش رۆژهەڵاتـە، ئـەو دووانە هەرگیز ناگەنە یەك)) .

هەربۆیـە لەئـەوروپا بـەخێرایی رێكخراووكۆمەڵـە كۆڵۆنیالیزمـەكان دەركـەوتنو هـانی خـەڵكو حكومەتـەكانیان دەدا تـا بـۆ جنگخـستنی كۆلۆنییـەكان تێبكۆشـن، بڕوایـەكی ئـەوتۆیان بڵاودەكـردەوە كـە هـیچ دەوڵـەتێكی مـەزن نـاتوانێ بـەبێ كۆڵـۆنی بـژی، بەتایبـەتی گـەر ئـەو دەوڵەتە خوازیاری ئەوە بێت لە سیاسەتی نێودەوڵەتییدا كاریگەریی هەبێتوگوێ لەقسەكانی بگیرێت، جگەلـەوەی كۆڵـۆنیزەكردنی هەندێك وڵات دەبێتە كۆنترۆڵكردنی زۆر خاڵی ستراتیژی گرنگ لەجیهاندا.

جگەلەوەی هەنـدێك مەسـەلەی دیكە هـەن زەمینـەیان بۆ بزوتنـەوەی كۆڵۆنیالیزم خۆشكرد، ئەویش بوونی چەند سیاسەتكاری چاوبرسیی سەرەڕۆ بوون كەپەیوەنـدییان بـەحیزب ورێكخراوە كۆڵۆنیالیستەكانەوە

هەبوو، ئەوانەی كۆڵۆنیالیزمیان وەك دیاردەی هێزوهۆكاری مانەوەی نەتەوە مەزنەكان لێكدەدایەوە،وەك (جۆزێف چەمبرلن ١٨٣٦ ـ ١٩١٤) و (سیسل رودس)، یەكەمیان بۆرجوازێكی پیشەسازو وەزیری كۆڵۆنییەكانی بەریتانیا بوو، دووەمیان خاوەن كانی ئاڵتون‌وئەڵماس بوو، ببوە سەرۆك وەزیران لە باشوری ئەفریقا، هەروەها زۆر لەو گەڕیدەو گەشتیارە ئەوروپیانەی بەهەر چوارلای جیهاندا بڵاوببونەوەوخۆیان گەیاندبووە دوورترین ناوچەكانی ئاسیاوئەفریقاوبیرەوەری وكتێبی هەمە جۆریان لەسەر سامان‌ودەوڵەمەندی ئەو ناوچانە بڵاودەكردەوە.

لێرەدا پێویستە باس لە نووسەرو مێژوونوس‌و رۆژنامەنووسەكانیش بكرێت وەك هاندەرێكی خەڵك‌و یەكخستنی رای گشتیی ئەوروپا بۆ پیادەكردن‌ولایەنگیری بزاڤی كۆڵۆنیالیزم، جگە لە رێكخراوە مسیۆنێرییەكان كە لەوبارەیەوە رۆڵی سەرەكییان بینی، ئەمانە زۆربەی كات زەمینەیان بۆ هاتنەناوەوودەستخستنە ناوەوەی دەوڵەتەكانیان بۆ ئەو ناوچانە دەبینی كە تێیدا بانگەشەیان بۆ ئاینی مەسیحیی دەكرد، ئەویش بە بیانوی پاراستنی مسیۆنێرودەزگاكانیان.هەربۆیە كابرای ئەفریقیی دەیوت: "كاتێك هاتن ئینجیلیان بەدەست بوو، ئێمەش زەوی، كەچی ئێستا ئەوان بوونە خاوەن زەویی‌وئێمەش ئینجیلمان پێبڕا".

كۆڵۆنیالیزم بەشێوەیەكی زۆر خێرا هەنگاوی دەناوپەرەیدەسەند، بەشێوەیەك بۆ دیاردەیەكی نویێ لە مێژوودا گۆڕرا كە كۆڵۆنیالیزمی قۆرخكارە، پێشیدەوترێ (ئیمپریالیزم) كەچەند خاسیەتێكی تایبەتی خۆی هەیە:

١. پەیدابوونی قۆرخکردن کاتێك بەرهەمهێنان گەیشتە قۆناغێکی پێشکەوتوو، ئەویش بەدامەزراندنی کۆمپانیا ویەکێتییە سەرمایەدارە قۆرخکەرەکانی وەك (کارتەڵەکان)و(ترستەکان) .

٢. پەرەگرتنی خێرای پرۆسەی دەسبەسەراگرتنی گرنگترین سەرچاوەکانی کەرەسەی خاو، بەتایبەتی کەرەسەکانی پێویست بۆ پیشەسازیی ئاسن وخەڵوز، ئەوەش بووە هۆی گەشەکردنی سەرمایەی مەزن و تیژبوونی ململانێی کۆمپانیاکان.

٣. دروستبوونی بۆرجوازی دارایی (الراسمالیة المالیة)و پەرەسەندنی بەشێوەیەك کە چەند بانکێك تەواوی توانای ئابوریی ئەوروپای گرتبووە دەست، ژمارەیەکی کەمیش لەپیاوانی ساماندار کۆنترۆڵی زۆربەی دەزگا سیاسیی وئابورییەکانیان گرتبووە دەست .

٤. مەسەلەی قۆرخکردن (الاحتکار) زادەی سیاسەتی کۆلۆنیالیزم بوو، سەرمایەداری کەوتە ململانێ لە پێناو کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی کەرەسەی خاوو هەناردنە دەرەوەی سەرمایەودەست بەسەرداگرتنی ناوچەکانی نفوزو سەپاندنی کۆنترۆڵی سیاسیی وئابووریی وسەربازیی، ئەمەش دوو دەرئەنجامی لێکەوتەوە:

<u>یەکەم:</u> ململانێ وکێشەی نێوان دەوڵەتە سەرمایەدارەکان لەپێناو وەدەستهێنانی کۆلۆنییەکان ودواتر دانیشتن وڕێکەوتن بۆ دابەشکردنی ناوچەکانی دەسەڵات .

<u>دووەم:</u> دەرکەوتنی رابوونی نەتەوەیی و نیشتیمانیی گەلانی کۆلۆنییەکان، ئەوانەی دەسەڵاتی داگیرکەرو ئیستیغلالی ئابوریی وچەوسانەوەی نەتەوەییان ڕەتدەکردەوە.

بەمـــشێوەیە ڕۆژهـــەڵاتی نـــاڤین کەئـــەو دەم بەشـــی زۆری لـــەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانییدا بوو توشی دیاردەی کۆڵۆنیالیزم هات، دەوڵەتـە سـەرمایەدارە ئیمپریالیـستەکان کەوتنـە دەسـتێوەردانی ئـەو ناوچانەو لـە زۆر رووی ئـابوریی و سـەربازیی و سیاسییەوە هوروژمیـان کـرد، بەتایبـەتی پـاش شـاڵاوی سـەرمایەی بازرگـانیی ئـەوروپیی لـە ولایەتە عەرەبییەکان وتێرژانی شمەك و کاڵای کارگەکانی ئەوروپا بۆ ناو بازاڕەکـــانی ناوچـــە عەرەبییـــەکان، ئـــەوەش کاتێـــك بـــوو کەلاوازیی وگەندەڵیی سەراپای دەزگا سیاسیی و بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەوڵەتی عوسمانیی گرتبۆوەو نەیدەتوانی کارێك بۆ ڕێگرتن لەئاکامە مەنفییـەکانی ئـەو هوروژمـەی دەوڵەتـە سـەرمایەدارەکان بکـات، کـە گرنگترینیـان پاشەکشەی پیشەسازی دەسکرد وچڕبوونەوەی نفـوزیی ئـابوریی بێگانـەودواتر دەسـەڵاتی سـەربازیی ئـەو دەوڵەتانـە بـوو، ئـەو دەسەڵاتەی بە پـەلاماری چەکدارانە ئەنجامدراو جووڵانـەوەی بـەرگریی عـەرەبیی نـەیتوانی ڕێگـای لێبگرێـت، چـونکە جوڵانەوەیـەکی لاوازو هەرێمیی و ڕێکنەخراوو بیّ پشتوپەنا بوو.

کۆڵۆنیالیستی ئەوروپیی کە لە سۆنگەی پیشەسازییەوە لەئەوروپا بەهێزتر بوو، هەر لەسەرەتاوە هەوڵەکانیان بە درێژایی سـەدەی نـۆزدەو بیـستەوە بـەدوو ئاراسـتە دەڕۆیـی، یەکـەمیان: گـەمارۆدانی دەوڵـەتی عوسمـانیی و فشارخـستنەسەری بەتایبـەت لەویلایەتـە عەرەبییـەکان و هەوڵدان بۆ داپچرینی ئەو ناوچانە، دووەمیش: بەهێزکردنی دەسـەڵاتی سەربازیی و وسیاسیان لەناوچە داگیرکراوەکان.

ئاشـکرایە کـە بەریتانیاوفەرەنـسا وەك دوو دەوڵـەتی سـەرمایەداریی کۆڵۆنیالیست لەناوچە عەرەبییەکانـدا ڕۆڵیـان دەگێـرا، پـاش (کـۆنگرەی

بـــــەرلین ١٨٧٨) ناوچـــــەکانی نفـــــوز دابەشـــــکرا، بـــــەریتانیا، عێراق وکەنداو ومیـسروسودان ونیمـچە دورگـەی عـەرەبیی بەناوچـەی خـۆی زانیـی، فەرەنساش بەشـی خـۆیی لـەرۆژئاوای عەرەبیی وسـۆماڵ دەویست، دواتریش ئیتاڵیا هەوڵی بۆ کۆلـۆنیزەکردنی لیبیا و ئـەریتریا دەدا، جوڵانەوەیەکی کۆلۆنیالیستیی وا کەبەرخودان وبـەرگریی لەلایـەن خەڵکی ناوچە داگیرکراوەکانەوە خولقاند کە دواتر لێیدەدوێین.

## ڕەوشـی ناوچـە عەرەبییـەکان لـە سـایەی حـوکمی دەوڵـەتی عوسمانییدا

ناوچە عەرەبییـەکان هـەر لەسـەدەی شازدەوە کەوتـە ژێـر دەسـەڵاتی عوسمـانیی و تـاکو سـاڵی ١٩١٤ ئـەو دەسـەڵاتە مایـەوە، دەسـەڵاتێك کەنموونـــەی دواکـــەوتویی و توندوتـــژیی بـــوو، بۆمـــاوەی ٤٠٠ســـاڵ دێوەزمـەی سـەر سنگی گـەلانی ناوچـەکە بـوو، بـەجۆرێك ئاکـاری زۆر خراپیـــی لەرەوشـــی ئـــابووریی و سیاســـیی و بەڕێوەبەرایـــەتیی و ڕۆشـنبیریی ناوچـەکە کـرد و پـشێویی و گەندەڵییـەکی کـەم وێنـەی هێنابووە ئاراوە.

راســـتییەکەی دەوڵـــەتی عوسمـــانیی دەوڵـــەتێکی ســـەربازیی، دەرەبەگیی، چینایەتیی و ئاینیی ئیستیبدادی زۆردار بوو، کە جگەلـە کۆکردنـەوەی باج وسـەرانەو بـەکارهێنانی لاوانـی گـەلانی ژێردەسـتی خـۆی لەجەنگـەکانی دەرەوەو سـەرکوتی نـاوخۆدا خێرێکـی نـەبوو. ناوچـە عەرەبییـەکان لەسـایەی عوسمانییەکانـەوە بۆچـەند ویلایـەتێك

دابەشـكرابوون كەلەلايـەن والييـەوە كـە زۆربـەی كـات تـورك بـوو دەبـرا بـەڕێوە، ئـەو ویلایەتانـەی كـەبۆ چـەند (سـنجەق)ێـك دابەشـدەكران و، فەرمانڕەواكانیان توندوتیژ وزۆرداربوون وخەڵكیان وەزاڵە خستبوو .

وێـرای ئـەوە، ناوچـە عەرەبییـەكان بۆ دەوڵـەتی عوسمـانیی لـەرووی ئـابوریی و ئاینییـەوە زۆر گرنگبـوون بـەوەی كـە سـێیەكی گەنجینـەی دەوڵەتیان پێكدەهێنا و زۆرینەی موڵكەكانی سوڵتانی لێبوو، هـەروەها خەڵكەكەشی بەشێكی زۆریان لە سوپای عوسمانیی پێكدەهێنا و شارە پـــیرۆزە ئاینییـــەكانی لـــەخۆ گرتبـــوو، كەچـــی سیاســـەتی سوڵتان وفەرمانڕەواكانی عوسمـانیی هـەروەك شوێنەكانی دی بەرامبـەر ئەم ناوچانە خراپ و نالەبار بوو، ئەوەش رق وبێزاریی بەدرێژای مێـژوو لـەلای خـەڵكانی ناوچـەكە دەخولقـان و گیـانی بەربـەرەكانی و دژایـەتیی دەورووژان، هەربۆیە لێرەوە دەتوانین جوڵانەوەی وەهابییەكان (محمدبن عبـــدالوهاب) لـــە حیجـــازو محمـــدعلی پاشـــا لەمیـــسرو گیـــانی سەربەخۆخوازیی جەلیلییەكان لە موسڵ تێبگەین ئاراستەی ئـەو رەوتـە بخەینـــــە بەرچـــــاو كەباســـــی لـــــە ریفـــــۆرمی ناوچـــــە عەرەبییەكان وجیاكردنەوە ودامەزراندنی دەوڵەتێكی عەرەبیی سـەربەخۆ دەكرد.

ئەگەر لەبواری رۆشنبیریش قسە بكەین دەبێ واقیعی دواكـەوتویی و نەخوێنـدەواریی و بڵاوكردنـەوەی جـادو خورافـات و شەخسـەپەرۆكان و بێبایـەخیی دەسـەڵاتدارانی عوسمانییمـان لەبەرچـاو بێـت، سـەپاندنی زمـــانی تـــوركیی بەســـەر گـــەلانی غـــەیرە تورك وهەوڵنـــەدان بـــۆ زینـــدووراگرتن و پەرەپێـــدانی زمـــان وكلتوری ئـــەو گەلانـــە و پشتگوێخستنیان، خۆدزینەوە لەبڵاوكردنەوەی رۆشنبیریی و كردنەوەی

خوێندنگاو بواری فێرکردن ئاکاری زەقی لێپرسراوانی عوسمانیی بوون، دیارە مەسەلەیەکی وەها لەناوچە عەرەبییەکاندا کارەساتێکی گەورەی لێکەوتبۆوە، چونکە عەرەب کە زمانەکەی دەوڵەمەندو کلتورەکەی رەسەنایەتیی مێژوویی خۆی هەبوو. لەئەنجامی ئەم بێبایەخییەوە بەتەواوی لەبەردەوامبوون و هەنگاونان لەگەڵ رابوونی رۆشنبیریی جیهانیی نوێدا بەجێمابووو توشی کەنارگیرییەکی سەخت ببوو .

تەنیا بوارێك کەزمانی عەرەبیی تێدا بەکاربهێنرایە بواری زانستە ئاینییەکان بوو، دەوڵەت هیچ بەرپرسیارییەکی لەدامەزراندنی خوێندنگای هاوچەرخ کە زانستە پراکتیکیەکانی تیا بخوێنرێت نەگرتبووە ئەستۆ، راستە هەلومەرجەکە لەسەدەی نۆزدەوە کەمێك گۆرانکاریی بەسەردا هات، بەتایبەتی پاش دامەزراندنی چابخانەو بڵاوبوونەوەی رۆژنامە لەسوریاو هەوڵەکانی محمد علی پاشا بۆ بەرەو پێشبردنی رۆرشنبیریی و زمانی عەرەبیی لەمیسر، بەڵام ئەم هەوڵانە بەردەوامییان نەبووە وپاش داگیرکردنی بەریتانییەکان بۆ میسر بەتەواوەتیی پەکیان کەوت، هەربۆیە سیاسەتی عوسمانییەکان لەوبوارەدا هۆکاری پەروەردەکردنی نەوەیەکی نەخوێنەواری دواکەوتوو بوو، کەجگە لە خورافات ئاسۆیەکی رۆشنبیریی نوێی لێ دیار نەبوو .

لەرووی ئابووریشەوە وەك وترا ناوچە عەرەبییەکان گرنگترین هەرێمە دەوڵەمەندەکانی دەوڵەتی عوسمانیی پێکدەهێنا، بەڵام باری ئابووریی ئەو ناوچانە لەئەنجامی سیاسەتی عوسمانییەوە زۆر خراپ بوو، باج وسەرانەی زۆر بەسەر کشتوکاڵی دواکەوتوو وپیشەگەرەکان و سیاسەتی توندوتیژیی باجکۆکەرەوەکان و بڵاوبوونەوەی بەرتیلخۆریی

لەنێویانـدا، جگـە لەپشتگوێخـستنی ئـاودێریی و جۆگەلـەکان، تێکـرا ئەمانـە هەلومـەرجێکی نالـەبارییان خولقانـدبوو، جوتیـار لـەوەزعێکی خـراپ دەژیـاو لەسـایەی سیـستەمی دەرەبەگایەتییـدا دەچەوسـایەوە، زەوییـە بەپیتـەکان لەدەسـت ئـەو موڵکدارانـەدا بـوون کـە ناوەنـدبوون لـەنێوان حکومەت و جوتیارانـدا، هەرچـەندە ناوچـە عەرەبییـەکان جگـە لەکـشتوکاڵ بـڕێکیش داهاتیـات لەپرۆسـەی بازرگـانیی دەسـتدەکەوت بـەڵام پـاش دۆزینـەوەی سـەرە لوتکـەی هیـوا (**رأس الرجـاء الـصالح** ـ١٤٨٨ ـ بـەدووری ١٤٠كم لەشـاری کیـب تـاون ) و گـۆڕینی ڕێگـەی بازرگـانی ئـەو داهاتەشـیان بـڕاو هەلومەرجەکـەیان هێنـدەی تـر خـراپ بـوو، شـوێنێکی گرنگـی وەك شـاری ئەسـکەندەرییە بایـەخی خـۆی لەئەنجامی مەسەلەیەکی واوە لەدەستدا .

لـەرووی سیاسیـشەوە دەسـەڵاتی عوسمـانیی لەسەرشـانی ناوچـە عەرەبییـەکان بـارێکی گرانبـوو، بەتایبـەتی پـاش هـاتنی سـوڵتان عەبدولحەمیـدی دووەم (١٨٧٦ ــ ١٩٠٩) هـەر لەسـەرەتاوە هەوڵیـدا سیاســەتێکی سەنترالیــستی ئــاینی بگرێتەبــەرو دژی رۆشــنبیرو نەتەوەخوازانی عـەرەب وەستایەوە، سوڵتان هەوڵیدا چینی دەرەبەگی سـوننەتیی عـەرەب لـەخۆی نزیکبکاتـەوەو پلەوپایـەیان لـە ئەسـتەمبوڵ بەسەردا ببەخشێتەوە، جگەلەوەی پاش پیادەکردنی هـزری (جامیعـەی ئیـسلامی) دەیویـست گیـانی ئـایینی ببـزوێنێ و لەورێگایـەوە دژی هەڕەشە نێوخۆیی و دەرەکییەکان بوەستێت، ئەوەش وای لەعەرەبەکان کـرد داوای ئیدارەیـەکی لامەرکـەزیی بکـەن و بانگەشـەی بۆبکـەن، لـەو پێناوەشـدا رێکخـراوی تایبـەتیان دامەزرانـد وەك حزبـی لامەرکـەزی کـە دوای پیادەکردنی ئەو هزرەی دەکرد .

پـــاش هـــاتنی (ئیتیحادوتـــەرەقی/ یـــەکێتیی و پێـــشکەوتن) وسەرکەوتنی کودەتای ساڵی ١٩٠٨، شەپۆلێکی نویێ لەهیوای عەرەب بۆ وەدەسهێنانی دەسکەوتی سیاسیی و بەشداریکردنی دەسەڵات و ریفۆرم خرۆشا، ئەو شەپۆلەی لەدروشمی ( حوریەت . عەدالەت . مساوات )ەوە سەرچاوەی دەگرت، بەڵام ئاکاری دەسەڵاتدارانی ئیتیحادییە تورکەکان ئەو خەونەی عەرەبی پوچەڵکردەوە پاشئەوەی سیاسەتی سەنترالیزم و تۆرانیزمی گرتەبەرو پشتیکردە بەڵێنەکانی زبەرامبەر گەلانی غەیرە تورك، لەوپێناوەشدا کەوتنە لێدانی ناسیۆنالستانی عەرەب وپلەوپایەکانیان روتکردەوە، ئەوەش زەمینەی بۆ دروستکردنی رێکخراویی سیاسیی نهێنیی عەرەبیی خۆشکرد کە دژی سیاسەتی ئیتیحادییەکان وەستان لەپێناو هاندانی بۆ زیندوکردنەوەی گیانی عەرەبیزم .

سەرەتای ئەو رێکخراوانە لەناوچە عەرەبییەکانی سوریاوە سەرچاوەی گرت ووردە وردە کۆمەڵەو یانەی عەرەبخوای تریش لەناوچەکانی دییەوە چونەپاڵی، جگەلەوەی لە هەندێك ناوچە راپەڕین و بەرگریی دژی دەسەڵاتی ئیتیحادییەکان سەریهەڵدا، بەتایبەتی لەنیمچە دورگەی عەرەبیی و باکووری ئەفریقا، ئەوانەی بەرجەستەی خواستەکانی عەرەبییان دەکرد .

# ڕابوونی هزری عەرەبیی ودامەزراندنی ڕێکخراوە ڕۆشنبیریی وسیاسییەکان

هێندێك نووسەر وای بۆدەچن کە رابوونی هزری عەرەبیی هاوکات لەگەڵ داگیرکردنی سوپای فەرەنسیی بەسەرکردایەتیی (ناپلیۆن) بۆمیسر لەساڵی ١٧٩٨ دا دەستپێدەکات، وەك دیارە پرۆسە داگیرکارییەکە چاوکراوەیی عەرەبیی لێکەوتەوە پاش ئاشنابوونیان بەهزری نوێی رۆژئاواو کاریگەرێتیی دامەزراندنی خوێندنگای نوێ و چاپخانەو بلاوبوونەوەی لەسوریاو میسر، زەمینەی بوژانەوەی ئاسەوارە ئەدەبییە کۆنەکانی عەرەبیی رەخساند، ئەمەو جگەلە فشاری کۆلۆنیالیزمی ئەوروپیی کە لەسەر ئاستی ناوخۆی ناوچە عەرەبییەکان کاردانەوەی خۆی هەبوو، ئەویش بە هەژاندنی هۆشی عەرەبیی و دەرکەوتنی بۆچوونی هزریی جیاواز لەسەر واقیعی ژیانی کۆمەڵگا .

لەبەرامبەر ئەوەدا، لاوازیی وگەندەڵیی خەلافەتی عوسمانیی و شکستخواردنیان لەناوچەی بەلقان و ئەو زوڵم وستەمەی لەناوچەی بەلقان پیادەیان دەکرد فاکتەرێکی گرنگی دەرکەوتنی رابوونی ئاینیی و رۆشنبیریی بێت لەلای هەندێك کە داوای یەکخستنی جیهانی ئیسلام و نەهێشتنی زۆرداریی عوسمانییەکانیان دەکرد، ئەو هزرەی کە زۆری نەبرد بووە جولانەوەیەك وزۆر چەمك وبۆچوونی ئەوروپیانەشی گرتەخۆ، هەروەك لەمیسرو باکوری ئەفریقا دەبینرێت .

شایەنی باسە، یەکێك لەئاکامەکانی کرانەوەی شارستانیی بەڕووی رۆژئاوادا بریتییە لە ئاشنابوونی چەندین رۆشنبیرەکانی عەرەب بە

پرنسیپە سیاسییە بەربڵاوەکانی رۆژئاوا، وەك ئازادیی، یەکسانیی و برایەتیی، نیشتیمانپەروەریی، نەتەوەخوازیی، دیموکراسیی، کۆماریی و هەروەها حوکمی پەرلەمانیی دەستووریی..هتد. دیارترین پێشڕەوانی رابوونی عەرەبیی کە ئەم هزرانە لە نووسینەکانیاندا رەنگیدەدایەوە "رەفاعە تەهتاوی، خەیرەدین تونسی و شێخ محەمەد قبادۆ و هەندێکی دیکە بوون.

وادەردەکەوێت کە ئەم پێشڕەوانە بەشێوەیەکی رەق و تەق هزرە رۆژئاواییەکانیان بۆ وڵاتانی خۆیان نەگواستبێتەوە، هەروەها وەك یەکیش نەکەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەو هزرانە، بەڵکو ئەوانەیان وەرگرتووە کە پێانوابووە لەگەڵ رەوشی وڵاتەکانیان و بنەماکانی بڕوا و ئاینەکانیان دەگونجێت. زیاترین ئەو هزرانەی کە بانگەشەی بۆ دەکرا بریتیبوو لە بانگەشە بۆ ئازادیی و یەکسانیی و برایەتیی لەبەرئەوەی بەجۆرێك ریشەی لە کەلتوورو میراتیی فەرهەنگی ئیسلامییدا هەبوو، هەروەها لەهەمانکاتدا بەرجەستەی پێویستیی و خولیاکانی خەڵکی عەرەبیان دەکرد_ جگەلەوەی ئەو بانگەشانەی کە باسیان لە خۆشەویستی نیشتیمان و پێشخستنی ئاستی ژیانی رۆڵەکانی گەلی عەرەب دەکرد زیاتر پێشوازییان لێدەکرا.

شایەنی باسە، چەمکی "نەتەوایەتیی عەرەبیی" لەم قۆناغە مێژووییەدا دەست بە دەرکەوتن دەکات، ئەوەشی یەکەمین کەس بوو کە ئەم چەمکەی بەکارهێنا "ئیبراهیم پاشای کوڕی محەمەد عەلی پاشای میسر بوو" کاتێك لە ساڵی ١٨٣١دا لەبەردەم ژمارەیەك لە کۆنسوڵەکانی بیانییدا رایگەیاند" پێویستە نەتەوایەتیی عەرەبیی

بژێنرێتەوە، عەرەبیش بکرێتە گەلێکی پێشکەوتوو کە خاوەنی قەوارەی خۆی بێت".

بانگەشەکردن بۆ چاکسازیی و مۆدێرنە بەدرێژایی سەدەی نۆزدەیەم خۆی لە ئارەزووی ژیاندنەوەی کەلتووری عەرەبیی ئیسلامیی لەگەڵ سوودوەرگرتن لە داهێنانەکانی شارستانیی رۆژئاوایی و بەشێوەیەك کە پێشکەوتن و نوێبوونەوە بۆ کۆمەڵگای ئیسلامیی لەچوارچێوەی حوکمی عوسمانییدا بێنێتەدی. بەرچاوترین بانگەشەکەرانی چاکسازیی لەم قۆناغەدا بریتین لە جەمالەدینی ئەفغانی، محەمەد عەبدە لە میسر، هەروەها شێخ تاهیر جەزائیری و ئەوانەی لەشام کاریگەری ئەویان بەسەرەوە بوو وەك : جەمالەدینی قاسمی و شێخ عەبدولڕەزاق بیتارو شێخ سەلیم بوخاری. لەرۆژهەلاتی عەرەبیشدا هەلومەرج بۆ لەدایکبوونی هزری عەرەبیی جیاواز لەبار بوو کە بەپێی قۆناغە دیارەکانی ئەو دەمە جیاوازیی هەبوو، ئەو قۆناغانەی کە دەکرێ وەك لای خوارەوە جیابکرێتەوە :

<u>یەکەم:</u> قۆناغی فشارو فراوانخوازیی ئەوروپییەکان لەجەزائیرو میسرو هەڕەشەی داگیرکاریی رۆژئاوا کە بووە هۆی مۆتیڤی بەخۆداچوونەوەو دەرکەوتنی هزری ریفۆرم و ئازادیخوازیی .

<u>دووەم :</u> قۆناغی تەنزیماتی عوسمانیی کە نەتوانرا بەهۆیەوە رێگا لەشکستە سەربازییەکان بگیرێت وچارەسەری گەندەڵیی سیاسیی وئیداریی وخراپیی بارودۆخی ئابووریی و کۆمەلایەتیی و نوشستی گەورەی رۆحیی پێنەکرا، بگرە بارگرانییەکی زیاتری لەسەرشانی گەلانی غەیرە تورك بەعەرەبیشەوە دروستکرد کە قبوڵکردنی هەروا بەئاسانی نەدەچووەسەر .

**سێیەم** : قۆناغی دەرکەوتنی جووڵانەوەی نەتەوەیی تورك کە بەناوی تۆرانییەتەوە دەیویست تێکرای گەلانی نێو دەوڵەتی عوسمانیی بکاتە تورك‌و وەك خزمەتکارێك بۆ مەبەستە سیاسیی‌ونەتەوەییەکانی خۆی مامەڵەیان بکات، ئەمەش لەنێو عەرەبدا کاردانەوەیەکی توندی لێکەوتەوە، چونکە لەبەرامبەر سەپاندنی زمانی تورکییدا، عەرەب کەوتنە خۆهەڵواسین بەزمانەکەیداو کردیانە یەکەمین پایەی پاراستنی کەسێتیی نەتەوەیی خۆیان، ئەو زمانەی کەزیاتر لەمزگەوت‌وخوێندنگا مەسیحییە تەبشیرییەکاندا بەکاردەهێنراو نەوەی نوێی پێگۆشدەکرا .

**چوارەم** : بێگومان ناکرێت چاو لەکاریگەریی هزری رۆژئاوا لەسەر ناوچە عەرەبییەکان بپۆشرێت وەك فاکتەرێکی گرنگیی دەرکەوتنی بیری نەتەوەیی‌و ئازادیخوازانە کەهەوێنی رابوونێکی هزری عەرەبیی نوێخواز بوو، ئەو هزرەی کە لەچەند رێگای جیاوازەوە کاریگەرێتیی خۆی لەسەر چینی رۆشنبیری تازەپێگەیشتوو (Intellegencia) ی عەرەب دەکرد، ئەوانەی لەدوا چارەکی سەدەی نۆزدە بەدواوە کەوتنەخۆ بۆ گۆڕینی ئەو هزرەو چڕکردنەوەی لەبزووتنەوەی سیاسیی عەرەبیدا .

لەبەرئەوە، پێش باسکردنی ئەو بزووتنەوانە، پێویستە ئاماژەیەکی خێرا بەو رابوونە هزرییە بدرێت کە لەچەند بوارێکی جیا جیادا خۆی پێشاندەدا بەم شێوەیەی خوارەوە :

**رەوتی شارستانیی** : سەرەتایترین شێوازی رابوونی هزری عەرەبییە کە لەپێناو دیاریکردنی ناسنامەی نەتەوەیی عەرەبی لەڕێگای زیندوکردنەوەی کەلتووری شارستانییەوە تێدەکۆشا، ئەویش

بەبایەخدان بەزمان و ئەدەب و مێژووی عەرەب کە وەك دووپایەی سەرەکیی رابوونی نەتەوایەتیی گرنگی خۆی دەبینێت، شێخ (ناسیف ئەلیازجی) و (بترس ئەلبستانیی) دیارترین کەسایەتین کە نوێنەرایەتی ئەم ئاراستەیان کردووەولەو بوارەدا تێکۆشانی بەرچاویان هەبووە .

__ئاینیی ــ ریفۆرمخوازیی__ : ئەم ئاراستەیە هەوڵی پێکەو گونجانی ئاینیی ئیسلام و دەسکەوتەکانی زانستیی نوێی دەدا، جگەلە پێداگرتن لەسەر یەکگرتوویی گەلانی موسوڵمانی عوسمانیی بەدەر لە ریشەی نەژادیی و پێکهاتەی چینایەتییان دژی فراوانخوازیی و داگیرکاریی ئەوروپیی. ئەم رەوتە دژی ستەمکاریی دەسەڵاتداران بانگەشەی دەکرد و لایەنگریی لە حوکمی (شورایی ئیسلامیی) دەکرد. دیارترین نوێنەرەکانی (جەمالەددین ئەفغانیی١٨٣٨ ــ ١٨٩٧ ، شێخ محمد عەبدە١٨٤٩ – ١٩٠٥. محمد رەشید رەزا ١٨٦٥ –١٩٣٥ ) بوون.

__ئاینیی ــ نەتەوەیی__ : ئەم ئاراستەیە باسی لەریفۆرمی رەوشی گەندەڵیی دەوڵەتی عوسمانیی دەکرد لەرێگەی بەرنامەیەکی سیاسییەوە کە پشتی بەدوو بنەما دەبەست، یەکەمیان یەکگرتوویی ئیسلامیی، دوای پاککردنەوەی ئاینی ئیسلام لەو خورافات و لاسایکردنەوە کوێرانەیەی تووشی ببوو، دووەمیشیان مەسەلەی خەلافەت بوو، کەدەبوایە بۆ عەرەب بگەڕایەتەوە، ئەویش بەهۆی رۆڵی عەرەب وزمانی عەرەبیی وناوچە عەرەبییەکانی دورگەیی عەرەبیی لەئیسلام و مێژووی خەلافەتدا، واتە بانگەشەی ریفۆرمی سیاسیی وئایینی بەجۆرێك لەگەڵ بیری نەتەوەیی عەرەبیدا یەکبگرێتەوە،بەڵام یەك لەو کەسایەتییە دیارانەی کە بەشدارییەکی بەرجەستەیان لە داڕشتنی بیری نەتەوایەتیی عەرەبیی کردووە

(عەبدولڕەحمانی کەواکیبی ١٨٤٩-١٩٠٢) یە. ئەوەی لە هەردوو کتێبەکەی (ام القری)و (طبائع الاستبداد) بیروبۆچوونەکانی خۆی وە نوێنەری ڕەوتێکی چاکسازیی ئیسلامیی دەربڕیوە کە دەتوانین بەکورتی لێرەدا کورتی بکەینەوە:

١- بەبۆچوونی کەواکبی، عەرەب "نەتەوە"یەکە کە هەموو بنەما و ڕەگەزەکانی نەتەوایەتیی تێدایە. ئەو لە کتێبی طبائع الاستبداد دەڵێت:" نەتەوە چییە، واتە گەل؟ ئایا تۆپەڵە خەڵکێکی پەرەگرتوون یان کۆمەڵێك کۆیلەی کۆیلەدارێکی زاڵن، یاخود کۆمەڵێك خەڵکن پەیوەستی ڕەگەزو نیشتیمانو مافی هاوبەش پێکەوەیان گرێدەدا؟"

٢- ئەو پەیوەستانەی کە نەتەوە هاوچەرخەکانی پێکەوە گرێدەدا بریتیبوو لە پەیوەستی زمانو ڕەگەزو نیشتیمانو مافی هاوبەش. کەواکیبی بانگەوازی بۆ عەرەبە ناموسوڵمانەکان دەکرد کە ناکۆکییو ڕقو کینەی ڕابردوو لەبیربکەنو لەگەڵ برا عەرەبە موسوڵمانەکانیان بچنە نێو یەکێتییەکی نیشتیمانیی سیاسییەوەو برایەتییەکی دنیایی بنیادبنێنو ئاین نەکەنە لەمپەرێك بۆ یەکێتیی نەتەوەیی.

٣- کەواکیبی چەمکی گەلو نەتەوەی عەرەبی تەنیا بۆ دانیشتووانی هەرێمێکی عەرەبیی دیاریکراو یا نیمچە دورگەی عەرەبیی قەتیسنەکردبوو وەك ئەوەی لای هەندێك لە بیرمەندەکانی دیکەی ئەم قۆناغە هەبوو، بەڵکو ئەو چەمکە سەرجەم عەرەبی لە نیمچەدورگەی عەرەبییو عێراقو شامو میسرو مەغریبی عەرەبیی دەگرتەوە.

٤- کەواکبی پێی وابوو کە دەوڵەتی عوسمانیی وەك ئەو دەوڵەتانەی دیکەی ئیسلامیی پێشوو کە وڵاتی عەرەبیان حوکمکردووە

موســتەعرەب نــەبوون بــەڵکو لــەئاکامی لوتبەرزییــەوە ئامادەنــەبوون لەڕووی ئاکارو فەرهەنگەوە هاوشێوەی ئەوانەی بەردەستیان بن.

٥- لەبەرتیـشکی ئـەو بیروڕایانـە، کـەواکبی لـە کتـێبی ام القـری دا بانگەشەی ئەوەیکرد کە خەلافـەت لـە عەرەبدا قەتیسبکرێت بەمـەرجێك هەموو مەرجـەکانی شـەرعیی خەلافـەتیی تێـدابێت، هـەروەها دەسـەڵاتی کــارگێڕیی لــە دەوڵــەتی عوسمانییــدا وەك دەوڵــەتانی فیــدراڵیی دابەشـبکرێت و هـەر ویلایـەتێك حـوکمی خودموختـاری خـۆی هـەبێت، جگەلـەوەی دەبێـت دەسـەڵاتی دینیـی و کـارگێڕیی سیاسـیی لەیـەك جیابکرێتەوە.

ئەلکـەواکیبی ، لـە کتـێبی (طبـائع الإسـتبداد ومـصارع الإسـتعباد) بــەوردی لەمەســەلەی زۆرداریــی و ســتەمی ئــایینی قــسەدەکات و گەندەڵیی ودواکـەوتووی دەوڵـەتی عوسمـانیی و کاریگـەریی وێرانکـەری لەسـەر کۆمەڵگادەخاتـە بەرچـاو . بـەڕوای ئـەو سـتەمکاریی سیاسـیی دەردێکی گڵاوە لە هەموو پەتایەك کوشـندەترە، لـە ئـاگر ترسـناکترە، لـە لافاو وێرانکـەرترە، عـەقڵ پـەك دەخـات، هۆش و بیر تێکدەدات، بینـایی لێڵدەکا، لاوان هێڕو وێڵ دەکا، پیـاو دەخەسـێنێ، جەسـتە دەتـەزێنێ، چـاکان پـەڕو بـاڵ دەکـا، بـەدکار کـڵاولار دەکـا، پیـت و فـەڕ باردەکـا، پیشەوەر بێکار دەکا، رەنگـی رووخسار زەرد دەکا، دڵان چەشنی بـەرد دەکا، هەموو شـت دەشـێوێنێ، دنیـا تاریـك دەنوێنـێ، ورە دادەبـەزێنێ، متمانـە نـاهێڵێ، خـەڵك چەواشـە دەکـا، مـرۆڤ سـست دەکـا، کۆمـەڵگا پەســت دەکــا، درۆو دووڕوویــی و فــێڵ و زەلیلیــی بــرەو پێــدەدا، راســتگۆیی و پیــاوەتیی لــەنێودەبات، گەنــدەڵیی بــەنێو هــەر کوچــە و کـۆڵان و ماڵکێـدا دەکـا، لەپێـشدا ماڵـەکانی چینـەکانی سـەرەوە و دواتـر

چینەکانی خوارەوەش چاو لەوان دەکەن. نە ناڕەزایەتیی، نە ڕەخنەی جیددیی، نە ئاشکرا کردنی ڕاستییەکان، بەڵکو بێدەنگیی و داپۆشینی کەموکورتییەکان. ئەم جۆرە سیستمە سێبەری نەزان و ناپاکان و کوڕی ڕۆژو پاشەڵپیس و چەپڵەکێشانە، دوژمنی قەستەسەری زانا و خەڵکانی ڕێزدارو خاوەن ویژدانە. هەوڵدەدات خەڵك بە مۆراڵی خۆی پەروەردە بکات و وایان لێبکات پەی بە هۆکاری داماویی و نەهامەتیی خۆیان نەبەن، پیاهەڵدەرە ماستاوچییەکانیان بۆ داماڵینی بەرپرسیارێتیی لە ئەستۆی ستەمکارانی سیستمەکە کاردەکەن و ئۆباڵەکەی یان دەیخەنە ئەستۆی قەزاوقەدەر، یاخود دەیکەنە ملی ڕەشەخەڵکی هەژارو چەواشەکراوی قوڕبەسەر. بەڵام ئایا تاکەی ئەم کارەیان بەم شێوەیە بۆ دەچێتەسەر؟

<u>جیهانگەرایی و ریفۆرمخوازی ـ کۆمەڵایەتی :</u> ئەم ئاراستەیە بایەخی بەلایەنی زانستیی و گەشەکردنی مەدەنییەتی بەرفراوانی ئەوروپایی دەداوهەوڵیدەدا دیاردەکانی ژیان لەسەر بنەمای ڕاستییە زانستییەکان لێکبداتەوە، داوای لەئەقڵی عەرەبی دەکرد سوود لەزانستی ئەوروپا وەربگرن چونکە بایەخ ونرخی زۆریان هەیەوخۆیان لەئەفسانەو خورافات بەدوور بگرن. هەروەها پێیوابوو کەدەتوانرێت بەپشتبەستن بەداهێنانە زانستییەکان ڕژێمێکی کۆمەڵایەتیی نوێ دابمەزرێت و گەندەڵی ئابووریی و دواکەوتوویی قەلاچۆ بکرێت، جگەلە بانگەشەکردنی بۆ وەفاداریی نیشتیمانی و مەدەنیی، نوێنەرانی ئەم ڕەوتە بریتیبوون لە ( قاسم ئەمین ١٨٦٥ـ ١٩٠٨، شبلی شمیل ١٨٥٠ – ١٩١٧، فەرەح ئەنتوان ١٨٧٤ـ ١٩٢٢، ئەدیب ئیسحاق ١٨٥٦

١٨٨٤) . لەڕاستییدا، ئەم ڕۆشنبیرانە هەوڵیاندا لەڕێگەی بڵاوکردنەوەو قسەکردن لە فەلسەفەو نوێترین نووسراوە فەلسەفیی و کۆمەڵایەتییەکان، سەرخانی هزریی عەرەبیی راتەکێنن، لەوانە شبلی شمێل کە پزیشکێکی لوبنانی بوو، لە نووسینەکانی خۆیدا لە بڵاوکراوەکانی "المقتطف"و "المقطم" هەروەها لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی "حەقیقەت" بۆ یەکەمین جار مشتومڕی لەبارەی فەلسەفەی ماتەریالیزم و ڕێبازی داروینیزمەوە هێنایە نێو کایەی ڕۆشنبیری عەرەبییەوە.

**ڕەوتی نەتەوەیی :** داوای سەربەخۆیی عەرەبیان دەکرد، بەوەی لەدەوڵەتی عوسمانیی جیاببنەوەو دەوڵەتێکی عەرەبیی نەتەوەیی دابمەزرێنن کەسنورەکەی لەدیجلەوفوراتەوە تا کەناڵی سوێس و لەدەریای سپییەوە تا دەریای عەرەبیی درێژببێتەوە، کەتێیدا حوکمێکی دەستوریی هەبێت و هەموو کەس لەبەردەم یاسادا یەکسان بێت، دیارترین کەس کەنوێنەرایەتی ئەم ڕەوتەی دەکرد (نجیب عازوری ١٨٨١ – ١٩١٦) بوو، کە کتێبی ( رابوونی نەتەوەی عەرەب) ی بەزمانی فەرەنسیی لەساڵی ١٩٠٥دا بڵاوکردەوە، هەروەها دەرکردنی گۆڤاری (الاستقلال العربی/ سەربەخۆیی عەرەب ) لە پاریس لەساڵی ١٩٠٧ دا چاپکرد .

# گرنگترین رێکخراوه رۆشنبیریی وسیاسییەکانی عەرەب

**١- کۆمەڵـــەی نهێنیـــی بێـــروت ١٨٧٥ ـــــ ١٨٧٦ :** لـــە بـــەیروت دامەزرا ولەشارەکانی دیکەی شام ( دیمەشق، سەیدا، تەڕابلوس) لقی هەبوو، بەنهێنیی کاریدەکردو گرنگترین کاری بڵاوکردنەوەی پۆستەری نوسراوو بەیاننامە دژی گەندەڵیی دەوڵەتی عوسمانیی بوو، لەیەکێك لەبڵاوکراوەکانیدا بۆیەکەمجار باس لە (نیشتیمانی سوریی) و (ئەی دانیشتوانی نیشتیمان دەکات) وبەرنامەکەشی :

* سەربەخۆیی بۆ سوریاو چیای لوبنان بەیەکگرتوویی .
* دانپیانانی زمانی عەرەبیی وەك زمانی فەرمیی .
* ئازادی بیروباوەر وبڵاوکردنەوەی چاپەمەنیی .
* بـــەکارهێنانی ســـەربازی عـــەرەب لەناوچـــەکەی خۆیـــان و دوور نەخستنەوەیان بۆ شوێنەکانی دی .

دیـــارترین ئەندامـــەکانی ئـــەم کۆمەڵەیـــە : فـــارس نـــەمر ، شـــاهین مکاریوس، یەعقوب سەروف بوو، پاش دەسپێکردنی حوکمی سوڵتان عەبدولحەمیــــــدی دووەم ناچــــــار بــــــوون کۆمەڵەکــــــە هەڵبوەشـــێننەوە وئەندامەکانی هەنـــدێکیان چـــوونە قـــاهیرەو لـــەوێڕا ڕۆژنامەیـــــەکی سیاســــی ڕۆژنانـــــەیان بـــــەناوی ( المقطـــــم ) دەرکرد وگۆڤارێکیشیان هەر لەوێ بڵاوکردەوە .

**٢- بزاڤی پیاوماقوڵانی سوریا ١٨٧٧ ـــ ١٨٨٠ :** گرنگترین ئەندامـەکانی (ئیبراهیم ئاغا ئەلجەوهری وئەحمەد عباس ئەلئـەزهری بوو، لایـەنگری

لەبەیروت و دیمەشق هەبوو، دژی داگیرکاریی بێگانە بوون بۆناوچەی شام بێئەوەی خەلیفەی عوسمانیی ڕەتبکەنەوەو هەوڵی ریفۆرمی سیاسیی و ئیدارییان دەدا .

**٣- ئەڵقەی نهێنی دیمەشق :** لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیددا (١٨٧٦ ـ ١٩٠٨) دامەزرا، لەم قۆناغەدا زۆربەی چالاکییەکانی عەرەب رووی لەچالاکیی ڕۆشنبیریی کرد، ئەویش بەنهێنی چونکە ملهوڕیی حەمیدیی دژی هەموو جووڵانەوە نەتەوایەتییەکانی گەلانی دەوڵەتی عوسمانیی بەتوندیی وەستا بوو، لەو کۆمەڵە ڕۆشنبیرییە نهێنیانە: ( زهرة الاحسان، زهرة الاداب، المقاصد الخيرية ...هتد ) بەڵام ئەم جۆرە چالاکییانە لەدیمەشق گۆڕرا بۆ دامەزراندنی گروپێکی سیاسیی بەناوی ( ئەڵقەی نهێنیی دیمەشق ) لەساڵی ١٩٠٣و لەسەردەمی (شێخ تاهیر ئەلجزائیری) دا. کە داوای گەڕانەوەی دەستورو نەمانی حوکمی ڕەهای سوڵتان عەبدولحەمیدیان دەکرد، لەئەندامە گرنگەکانی: شێخ سليم البخاری، شكری العسلی، جمال الدين القاسمی بوو .

**٤- کۆمەڵەی برایەتیی عەرەبیی عوسمانیی ١٩٠٨ :** پاش کودەتای کۆمەڵەی ئیتیحادوتەرەقی لەساڵی ١٩٠٨ دژی سوڵتان عەبدولحەمید، هەلومەرجێکی سیاسیی نوێ هاتە ئاراو ئیتیحادییەکان دەهۆڵیان بۆ دروشمەکانی (حوریەت، عەدالەت، مساوات ) بەگەرمیی دەکوتا، گەلانی غەیرە تورکی دەوڵەتی عوسمانیی ئومێدێکی زۆریان بەو ڕەوشە نوێیە هەبوو، عەرەبیش لەلای خۆیەوە (کۆمەڵەی برایەتیی عەرەبی عوسمانیی ) یان دامەزراند بەمەبەستی پارێزگاریی لە دەستورو چاکسازیی هەرێمە عەرەبنشینەکان لەسەر بنەمای یەکسانیی

راستەقینە لەگەڵ گەلانی دیکەی دەوڵەتی عوسمانیی و بڵاوکردنەوەی خوێندن بەزمانی عەرەبیی و پاراستنی کەلتوری عەرەب .

دیارە مانگی هەنگوینی نێوان ئیتیحادییە تورکەکان و گەلانی ناتورك زۆری نەخایاند، پاش تێکشکانی هەوڵەکەی لایەنگرانی عەبدولحەمید لە (١٣ نیسانی ١٩١٣) دا، رووی راستەقینەی خۆیان دەرخست لەسایەی بیری تۆرانییەتدا کە بیرێکی رەگەزپەرستانەی دامارگێرانەبوو، دژی گەلانی غەیرە تورك و ئامانجە سیاسییەکانیان کەوتنەکار، ئەوەش بووەهۆی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵەکەو تێکچوونی راستەقینەی پەیوەندییەکانی تورك و بژاردەی رۆشنبیریی عەرەب .

٥- **یانەی ئەدەبیی ١٩٠٩:** ژمارەیەك لەئەدیب و رۆشنبیرە عەرەبەکان لەئەستەمبوڵ بەنهێنیی لەساڵی ١٩٠٩دا دایانمەزراند، زیاتر کارو چالاکیی ئەدەبیی ئەنجامدەداو لقی لە بەغداو شامیش هەبوو، گۆڤارێکیان بەناوی (لسان العرب) بڵاودەکردەوە، گرنگترین ئەندامەکانی : عبدالکریم خلیل، صالح صیدر، سیف الدین ئەلخەتیب بوون.

٦- **کۆمەڵەی قەحتانیی ١٩٠٩ :** ئامانجی گۆرینی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی بوو بۆ دوو دەوڵەت: یەکێکیان عەرەبیی کە ناوچە عەرەبییەکان بگرێتەوەو هەموو شتێکی بەعەرەبیی بێت، ئەوی دیکەشیان تورکیی، بەمەرجێ سوڵتانی عوسمانیی رابەری گشتیی بێت. ئەوەش وەك کاردانەوەیەکی سیاسەتی سەنترالیزمی ئیتیحادییەکان بوو، ئەم کۆمەڵەیە لەلایەن (عزیز علی المصری) یەوە

کەئەفسەرێکی عەرەبی ناسراو بوو رێبەرایەتی دەکرا، زۆرینەی ئەندامەکانی لەریزی سوپادا بوون، کۆمەڵە یاسای تایبەتی بۆ ئەندامێتیی هەبوو جگە لەناوی نهێنیی ئەندامەکانی، هەروەها چەند لقی لەشارەکانی شامو ناوچە عەرەبییەکان هەبوو، شایانی باسە ئەم کۆمەڵەیە پاش خیانەتکردنی یەکێك لەئەندامەکانی ئاشکرا بوو، بەوەش هەڵوەشێنرایەوە .

٧- <u>کۆمەڵەی " عەرەبە لاوەکان " ١٩١١ :</u> لە ١٤ی ئۆکتۆبەری ١٩١١ لەپاریس لەلایەن ژمارەیەك خوێندکارو رۆشنبیری عەرەبەوە دامەزرا لەوانە: (عونی عبدالهادی، جمیل مردم، رستم حیدر، توفیق السویدی) کۆمەڵەکە نهێنیی بوو، بەوردیی کاری رێکخستنی خۆی دەکرد بەرنامەشیان داواکردنی مافی عەرەبو چەسپاندنی بەرژەوەندیی نەتەوایەتیی و پەرەپێدانی ناوچە عەرەبییەکان بوو لەچوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانییدا، بەڵام پاشئەوەی ئیتیحادییەکان بەتوندیی دژایەتیی خۆیان بەرامبەر خواستەکانی عەرەب راگەیاندو هەوڵی تورکاندنیان دەسپێکرد، ئەم کۆمەڵەیەش ئامانجی خۆی گۆڕی بۆسەربەخۆیی عەرەب لەدەسەڵاتی عوسمانیی و رەتکردنەوەی هەموو دەسەڵاتێکی بێگانە، کۆمەڵەکە لەساڵی ١٩١٣دا ناوەندی خۆی بۆ بێروتو دواتریش بۆ دیمەشق گواستەوە تا دواتر لەساڵەکانی جەنگدا بۆهەڵگیرسانی شۆرشی مەزنی عەرەبیی خۆی ئامادە بکات.

٨- <u>پارتی لامەرکەزیی ئیداری عوسمانیی ١٩١٢ :</u> لەساڵی ١٩١٢دا، لە قاهیرە دامەزرا، پارتێکی لیبرالی ریفۆرمیست بوو داوای چەسپاندنی لامەرکەزی لە بەڕێوەبەرایەتیی عوسمانییدا دەکرد بەوەی

خودموختــاری بدرێتــه ویلایەتــه عەرەبییــەکان تــاکو بتوانێــت ڕەوشــی ئــابووریی و بەڕێوەبەرایــەتی خراپــی خــۆی چــاکبکات و بەرژەوەنــدیی نەتەوەیی لەبەرچاو بگرێت، هەروەها داوای بەفەرمیی ناساندنی زمانی عەرەبیی و بەخشینی پلەوپایەی کارگێڕیی بەعەرەبەکان و خزمەتکردنی ســەربازە عەرەبــەکان لەناوچــەکانی خۆیــان لــەگرنگترین ئەندامــەکانی ( رفیق العزم، رشید ڕەزا، فوأد ئەلەختیب، سلیم عبدالهادی) بوون، ئەم پارتــە ســاڵی ١٩١٣ کۆنگرەیــەکیان لــەپاریس گرێــدا کــە داوای ریفــۆرم وبەخشینی لامەرکەزییان بۆ ناوچە عەرەبییەکان کرد .

**٩- کۆمەڵــەی پــە یمانی عــەرەبی١٩١٣ :** بـاڵی سـەربازی جووڵانـەوەی عـەرەبیی ئـەم کۆمەڵـە سـەربازییە نهێنییـەی دامەزرانـد لەسـاڵی ١٩١٣، ڕابەرو دامەزرێنەری (عزیز المصری) بوو، بۆیە ناوی پەیمانیان لێنابوو چــونکە ئەندامــەکانی کەزۆربــەیان پلەوپایــەی ســەربازییان هــەبوو پـەیمانیان بـەخودا دابوو خزمـەتی نیشتیمان بکـەن و ڕازەکـانی کۆمەڵـە ئاشــکرا نەکــەن، هەرچــەندە ئــەم کۆمەڵەیــە ســاڵی ١٩١٤ لەلایــەن عوسمانییەکانــەوە کەوتــە ژێــر فــشارەوە، بــەڵام تــوانی خۆیبگرێــت تاهەڵگیرساندنی جەنگی جیهانیی و لەساڵی ١٩١٥دا پەیوەندیی لەگەڵ کۆمەڵەی عەرەبە لاوەکاندا کرد لەشاری دیمەشق و هەوڵـەکانی خۆیـان بۆ شۆڕش یەکخست.

# هــزری نەتەوایــەتیی عــەرەبیی لەســەروبەندی هەڵگیرســاندنی یەکەمین جەنگی جیهانیی

کۆمەڵەی لاوانی عەرەب ژمارەیەك کەسایەتیی گرتبووەخۆ کە لەبواری رووەکـانی هـزری نەتەوایـەتیی عـەرەبیی لـەم قۆناغـەدا بەشـدارییەکی بەرچاویان هەبووە. لەوانەیە عەبدولغەنی عەریسی کە سەرنووسەری رۆژنامەی "ئەلموفید" بوو دیارترینی ئەو کەستیەتییانە بێت. عەریسی سـەر بـە بنەماڵەیـەکی موسـوڵمانی بـەیروتیی و دەرچـووی کـۆلێجی زانستەکان لە پاریس بوو. ئەوبەشدارییەکی دیاری کۆنگرەی پاریس بـوو لـە سـاڵی ١٩١٣دا، وتـەکانی نـاوبراو لـەم کۆنگرەیـەدا باشـترین دەربڕین بوو لـەبارەی دیـدی نەتـەویی نـاوبراوو مـەوداکانی تێـڕوانینی سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی نەتەوایەتیی عەرەبیی و ئەو بنەمایانەی لەســەرەی راوەســتاوە. عەریــسی دەڵێــت :" بــەلای زانایــانی زانــستی سیاسەتەوە، ئەو کۆمەڵانەی کە –بەگوێرەی زانا ئەڵمانیەکان– یەکێتیی زمان و یەکێتیی رەگەز– بەگوێرەی زانایانی ئیتاڵیی– یەکێتیی مێژووو دابونــەریت، هــەروەها –بــەگوێرەی زانــا فەرەنــسییەکان– یــەکێتیی خولیای سیاسییان تێدا کۆنەبووەتەوە، شایەنی ئەوەنین ئەو مافەیان پێبـدرێت. ئەگـەر لـەو سـێ رووەوە سـەیری عـەرەب بکـەین، دەبیـنین یەکێتیی زمان، رەگەز، مێژوو، دابونـەریت و هـەروەها یـەکێتیی خولیـای سیاسیی کۆیاندەکاتەوە. عـەرەب شـایەنی ئـەوەن کـە مـافی کۆمـەڵ، مـافی گـەل، مـافی نەتـەوەیان هـەبێت..عـەرەب مـافی ئـەوە دەکـەن لـە دەوڵـەتی عوسمانییدا هاوبەش بن، هاوبەشبن لە هێـزی جێبـەجێکردن، لـە هێـزی

یاسـادانان، لـه کـارگێڕیی کاروبـاره گـشتییەکاندا هاوبەشـبن، بـەڵام لەناوخۆی وڵاتی خۆشیان، ئەوان هاوبەشیی پێکەوەیان هەیە". ئەمەش ئـەوە دەگەیـەنێت کـە عەرەیـسی شـارەزایی لـەو تیۆرانـە هـەبووە کـە لـەرۆژئاوا لـەبارەی نەتەوایەتییـەوە هـەبووە. و داوایکـردووە کـە عـەرەب قـەوارەو کەسـایەتیی نەتـەوەیی دانپێـدانراوی لەچوارچێوەی دەوڵـەتی عوسمانییدا هەبێت.

یـەکێکی دیکـە لـە بانگەشـەکارانی هـزری نەتـەوەیی عـەرەب، عومـەر حەمەد بوو، ئەویش ئەندامی کۆمەڵەی لاوانی عەرەب بوو کە پاشتر بە فـەرمانی جـەمال پاشـا لـە بـەیروت لەسـاڵی ١٩١٦دا هـەروەك عەریسی و ژمارەیەکی دیکە لە نەتەوەخوازەکانی عـەرەب لەسـێدارەدرا. ئـەویش لـە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٣دا، دوو وتاری لە رۆژنامەی "ئەلموفید"دا بڵاوکـردەوە کـە ناونیـشانەکەی "چـۆن رەگەزایـەتیی عـەرەبیی تۆکمـە بکەین؟"، لەم دوو وتارەدا ناوبراو کە "رەگەزایەتیی" لـەجیاتی چـەمکی نەتەوایـەتیی بـەکارهێنابوو دەڵێـت:" رەگەزایـەتیی پەیوەسـتبوونی کۆمـەڵێك خەڵکـە بـە زمـان و مێـژوو و نیـشتیمان و دابونـەریت و بەرژەوەندیی گشتییەوە" هـەروەها خزمایەتیشی هاویشتۆتەسەر، ئەو نەتەوایـەتیی بـە تێکـڕای ئـەم رەگەزانـە لەقەڵـەم دەدات. بـەلای عومـەر حەمەدەوە، زمان تەنیا رەگـەز نییـە بۆ رەگەزایـەتیی" چـونکە قسەکردن بەزمانی گەلێك وا لە تاکێك ناکات ببێتە تاکێکی ئەو گەلە". ئەو لەپێناو بـەهێزکردنی هەسـتی نەتەوایـەتیی بانگەشـەی ئـەوەیکردووە کـە "مێـژووی عـەرەب گـشتگیربکرێت، پیـاوانی گـەورەی عـەرەب یادیـان بکرێتـەوە، دۆزینـەوەی جـەژن و پرسـەکان لای عـەرەب، لەبـەرکردنی

پۆشاك و بەرگی عەرەبیی لە بۆنەكانـدا، .هتـد." هـەروەها نـاوبراو بانگەشەی بۆ دامەزراندنی خوێندنگای خۆماڵیی عەرەبیی كردووە.

عەبدولكەریم خەلیل یش كە سەرۆكی یانەی ئەدەبیی بوو كە ساڵی ١٩١٠ دامەزرا، دیدو بۆچوونەكانی سەبارەت بە نەتەوایەتیی عەرەبیی لە عەریسی و عومەر حەمەدەوە نزیكە، ئەو دەڵێت كە نەتەوایەتیی لەسەر چوار پایە رادەوستێت: یەكێتیی زمان، یەكێتیی مێژوو، یەكێتیی نیشتیمان، یەكێتیی قازانج و بەرژەوەندیی. ئەو وادەبینێت كە تەواوی ئەو پایانە لە نەتەوەی عەرەبدا هەن.

عومەر فاخوری بانگەشەكارێكی دیكەی نەتەوایەتیی عەرەبییە لەپێش جەنگی یەكەمی جیهانیی، ئەو زنجیرە وتارێكی بڵاوكردەوە كە دواتر لە كێتێبكدا بەناوی "چۆن عەرەب رابوون" بڵاویكردەوە. ئەو جگە لەوەی كە بانگەشەی بۆ بڕاوبوون بە هزری نەتەوایەتیی و كاربۆكردنی دەكردو یەكێتیی خوێن، زمان، مێژووو شارستانیی بە پایەكانی نەتەوایەتیی دەزانی، پێیوابوو دەبێت هزری نەتەوایەتیی بكرێتە بڕواو ئایدیۆلۆجیایەك بۆ هەموو عەرەب، ئەو بڕوایەی كە ناوبراو بە بزوێنەری مێژووو بنەمایەك بۆ پێشكەوتنی گەلان لە قۆناغی هاوچەرخدا دەكرد. هەربۆیە داوای لە بیرمەندانی عەرەب دەكرد كە شۆڕشێكی هزریی لەپێناو چەسپاندنی بیری نەتەوایەتیی عەرەبییدا بێننەكایە بەمەرجێك بەشێوەیەكی لەسەرخۆو پلەبەپلە بێت و بە كەلەپوری نەتەوەی عەرەبەوە پەیوەست بێت.

هەر لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە گرنگترین تایبەتمەندییەكانی هزری نەتەوایەتیی لای عەرەب بكەین:

١- رەگـەزەكانی هـزری نەتەوايـەتيی لای بيرمەنـدانی عـەرەب بـەهۆی كاريگـــەرييان بـــە تيـــۆرە نوێيـــەكانی نەتەوايـــەتيی لـــە ئـــەوروپا پەرەيسەندووە، ئەوەی تەنيا لەسـەر رەگـەزی خزمايـەتيیو خـوێن، وەك ئەوەی لای ديدە خێڵەكييەكە هەيـە، بنياتنـەنراوە، هـەروەها لەسنووری ديدی كەلتوورييەوە (عەرەبيی-ئيسلاميی) قـەتيس نـەكرابوو كـە تـەنيا پـشت بـە رەگـەزەكانی زمـانو فەرهـەنگ دەبەسـتێت، بـەڵكو پـەرەيگرت بۆئـەوەی رەگـەزەكانی وەك يـەكێتيی زمـان، ريـشە، مێـژوو، نيـشيمان، دابونەريتو بەرژەوەنديی هاوبەش بگرێتەخۆ.

٢- بانگەشـــەكەرانی هـــزری نەتـــەوەيی ســـەبارەت بـــە پێويـــستبوونی تـــەواوی ئـــەو رەگەزانـــەی باســـكراون لـــە نەتەوايەتييـــدا، كۆكنـــەبوون، هـەروەها سـەبارەت بـە ريزبەنـديی ئـەم رەگەزانـەش لـەرووی بايەخـەوە كـۆك نـەبوون. هەرچـەندە بەشـێكی زۆريـان رەگـەزی زمانيـان پـێش رەگەزەكانی ديكە خستبوو، لەسەر ئەوەش كۆكبـوون كـە رەگـەزی زمـان بۆ گەشەكردنی نەتەوايەتيی پێويستە.

٣- بانگەشەكەرانی هزری نەتەوەيی عەرەبيی لەم قۆناغـەدا ئاماژەيـان بە (ئاين) نەداوە وەك رەگەزێكی بنەڕەتيی نەتەوە، چونكە خوازياربوون لەڕێگـــەی بانگەشـــەی نەتەوەييـــەوە ،بـــەدەر لـــە جيـــاوازيی ئـــاينيیو تايفەگەريی، تێكڕای رەگەزەكانی نەتەوە لە بەرەيەكدا كۆبكەنەوە. بەلام ئەمە واينەكرد كە شانازيی بە ئيسلامەوە نەكەنو ئەوەش روونبكەنـەوە كە بانگشەی نەتەوايەتيی لەگەڵ بنـەماكانی ئـاينی ئيـسلام دژبـەر نييـە. شـــايەنی باســـە، ئيـــسلامو فەرهەنگەكـــەی بـــە يـــەك لـــە پێكهێنـــەرە ســـــەرەكييەكانی زۆر لـــــە رەگـــــەزە بنەڕەتييـــــەكانی وەك مێـــــژووو شارستانيیو دابونەريتو تەنانـەت زمـانيش دادەنرێـت، چونكـە زمـانی

عــەرەبیی بەتونــدیی بــە ئیــسلام‌وکتێبە پیرۆزەکەیــەوە پەیوەســتە، دواتــریش بووتــە زمــانی فەرهــەنگ‌و تەشــریع. دیــارە مەســەلەی بەستنەوەی نەتەوایـەتیی عـەرەبیی بـە ئـاینی ئیـسلامەوە یەکێکـە لـەو تایبەتمەندییــە ســەرەکییانەی کــە پاشــتر ئــەو جووڵانــەوەی پــێ جیادەکرێتــەوە، لەکاتێکـدا کـە جووڵانـەوە نەتەوەییـەکان لـە ئـەوروپا تایبەتمەندییـەکی نائـاینیی‌و سێکیولاریان هـەبووو لـە ململانـێ دژ بـە دەزگا ئاینییەکانەوە باسکیان ئەستوور ببوو.

٤- مەبەستی بانگەشەکەرانی نەتەوەیی عەرەبیی لە (یـەکێتیی رەگـەز یان ریشە) لایەنە کـەلتووریی‌و فەرهەنگییەکـەی بـوو نـەك ئـەوەی کـە لـە ئەوروپا سەبارەت بە رەگەزو رووە بایەلۆجییەکەی هەبوو. هەربۆیـە لای ئەوانەی عەرەب، هەرکەس خۆی بە عەرەب زانیبایەو بە عەرەبیی قسەی بکردایەو بە دابونەریتی عەرەبیی هەڵسوڕایە ئەوە عەرەب بوو.

٥- نەتەوایـەتیی عـەرەبیی لـە گێـژەنگی بەربـەرەکانیی‌و ململانـێ لــەنێوان بەرداشــی ئــەو ســتەمکاریی‌و دواکەوتوویــەی کــە لەلایــەن تورکـانی عوسمانییـەوە بەسـەر عـەرەب‌و گـەلانی دیکـەی ناوچـەکەدا سـەپێنرابوو لەلایـەك‌و، ئـەو پـەلامارو فراوانخوازییـە ئیـستیعماریی‌و شارستانییەی وڵاتانی سەرمایەداریی ئـەوروپیی بـۆ ناوچەکە لەلایـەکی دیکـەوە. هەربۆیـە لـەم قۆناغـەدا بانگەشـەی نەتەوەییـەکانی عـەرەب بـۆ نوێخـوازیی‌و رابوونی شارستانیی بوو، هـەروەها بـەرگریی‌و دژایـەتیی ستەمکاریی‌و ئیستیعماربوو

## عەرەب وهەڵگیرساندنی ئاگری یەکەمین جەنگی جیهانیی

لەکاتی هەڵایسانی یەکەمین جەنگی جیهانیدا، سەرکردە ئیتیحادییە دەسەڵاتدارەکانی دەوڵەتی عوسمانیی بەگەرمیی هەوڵیانئەدا لەپاڵ هێزەکانی ئەڵمانیاو دژی هاوپەیمانەکان خۆیان بخزێننەناو جەنگەکەوە بەئامانجی :

- رەتکردنەوەی ئیمتیازاتی بێگانە لەنێو دەوڵەتی عوسمانییداوپەرەپێدانی نفوزی تورك .
- سەندنەوەی میسرو قوبرس‌و، ئەگەر کراش لیبیاو تونس‌و جەزائیر .
- فراوانخوازیی بەرەو ناوچە تورکزمانەکانی روسیا وەکو قەفقاس‌و تورکستان .

ئیتیحادییەکان پێیانوابوو ئەڵمانیا بەزوویی شەڕەکە بەقازانجی خۆی یەکلاییدەکاتەوە، هەربۆیە لە ٢ی ئابی ١٩١٤ کە پەیمانێکی سیاسیی– سەربازییان لەگەڵ ئەڵمانیادا بەستبوو، لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩١٤ پراکتیزەیان کرد، بەهۆی ژێرئاوییەکی ئەڵمانیی کە موڵکی تورکیا بوو، لەدەریای رەشەوە پەلاماری کەشتیگەلی روسیایاندا، بەوەش خۆیان لەجەنگەکە تێوەگلان‌و، ئامانجی ئەڵمانەکان هاتەدی کە لەئاسیاوە بەرەیەکی شەڕیان دژ بەهاوپەیمانەکان کردەوە، ئەو بەرەیە سێ قۆڵی گرتەخۆ کە ناوچەکانی قەفقاس، سینا، میسۆپۆتامیاوئازەربایجانی ئێرانی گرتەوە، ئەو قۆڵانە زۆری نەخایاند شکستێکی ئابڕووبەرانەی سوپای عوسمانییان بەخۆوە

بینی، سوپایەکی شڕو لاواز کە نە ڕێبەرایەتی ئەفسەرە ئەڵمانەکان‌و نە فتوای جیهادیی خەلیفە فریای نەکەوت .

حکومەتی عوسمانیی بەدرێژایی تەمەنی سیاسەتی چەوسانەوەی ئاینیی بەرامبەر گەلانی غەیرە دین‌و لەگەڵ هاتنی ئیتحادییەکان، ستەمی نەتەوەیشی بەرامبەر گەلانی غەیرە تورك گرتبووەبەر، ئەو سیاسەتەش پاش چەسپاندنی دەسەڵاتی ئیتیحادییەکان توندتر خۆیدەرخست، کە هەوڵی توانەوەی ئەو گەلانەیان دەدا، ئەوەش لە زەمەنێکدا کەئازادیی ئایین‌و سەربەخۆیی سیاسیی نەتەوەکان لەدنیادا ببوونە مەسەلەیەکی باو، هەربۆیە دڵی گەلانی غەیرە دین‌وغەیرەتورکی دانیشتوانی ئیمپراتۆرەکە بەتەواوی لەدەسەڵاتداران رەنجابوو، ئەوەش هەڕەشەیەکی گەورەوفاکتەرێکی لاوازیی دەوڵەتی عوسمانیی بوو، چونکە رەگەزی تورك ١ ملیۆنی ئەو ٢٥ ملیۆنەی دانیشتوانی ئیمپراتۆریەتەکەی پێکدەهێنا، کە ١٠ ملیۆنیان عەرەب بوون.

عەرەب کە بەژمارە ئەوەندەی تورك بوون، لەناو ئوردوی تورك‌و دەزگاکانیدا چەندین ئەفسەری پلەبەرزو کاربەدەستی گەورەی هەبوون، بەڵام سیاسەتی سەنترالیزم‌و تورکاندنی ئیتیحادییەکان، نابەرابەریی لە دانانی نوێنەرایەتیی ( مەجلیسەکان )، رێگرتن لە رێکخراوە رۆشنبیریی‌و سیاسییەکانی عەرەب‌و گرتن‌و راوەدونانی ناسیونالیستە عەرەبەکان، تێکڕای ئەوانە هۆشی جیابونەوەخوازیی لەلای چینی رۆشنبیرو باڵای نەتەوەی عەرەب دروستکرد.

کاتێك جەنگەکە قەوما، سەرکردایەتیی تورك گومانی لە دڵسۆزیی عەرەبی هاودین نەبوو، کەچی لەگەرمەی شەڕدا شتی چاوەڕواننەکراو روویاندا، ئەویش هەڵگیرساندنی شۆڕشی عەرەبیە لە حیجاز، لە ٥ی

حوزەیرانی ١٩١٦دا، بەڕێبەرایەتی شەریف حوسینی مەککەو بەپلانی هەردوو ڕێکخراوی کۆمەڵەی عەرەبە لاوەکانو پەیمانی عەرەبیی، شەریف حوسێن کە لە ساڵی ١٩١٥ ەوە بە هۆی عبداللەی کوڕییەوە پەیوەندیی بە لۆرد کیچنەری بریتانیی لە قاهیرە کردبوو، ڕایگەیاندبوو کە ئامادەیە هاوکاریی بریتانیا بکاتو دژی دەوڵەتی عوسمانیی ڕاپەڕێت بەرامبەر ڕزگاریی عەرەبو بەدیهێنانی ئاواتەکانی، بەڵام دوای هاتنی سێر هێنری مەکماهون نوێنەری بریتانیا لە قاهیرە پەیوەندییەکان تینیان تێکەوتو چۆنیتیی هەڵگیرساندنی ڕاپەڕینی عەرەب دژی دەوڵەتی عوسمانیی گەڵاڵەکراو خرایە قاڵبی جێبەجێکردنەوە، دیارە هەرچەندە شەریف حوسێن لە بەرامبەر ئەو پشتگیرییەی بریتانیا داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی عەرەبیی دەکرد لەناوچە عەرەبنشینەکانی ئاسیا(ئەم داوایەی شەریف حوسێن ناوچە کوردنشینەکانیشی بەعەرەبستان ئەژمار کردبوو )، بەڵام ئینگلیزەکان بەڵێنێکی تەواو ڕوونیان پێ نەدا.

بەمشێوەیە، حوسێن لەشکرێکی چەکداری پێکەوەنا، داوای لە هەموو عەرەب کرد ریزی سوپای تورك جێبهێڵنو بێنە ژێر ئاڵای شۆڕشەوە. ئینگلیزەکانیش ئەفسەرێکی کارامەیان بە ناوی (کولۆنێل لۆرانس)ەوە بۆ سەرپەرشتیی شۆڕشەکە ناردو ئەو ئەفسەرە عەرەبە دیلانەشیان ئازادکرد کە لە شەڕی سوپای  تورکدا گرتبوویانن بەمەرجێ بچنە ریزی شۆڕشەکەی حوسێنەوە، ئەو شۆڕشەی ٦٥ هەزار سەربازی تورکی بەخۆیەوە خەریك کردو سەرئەنجام زەمینەی بۆ دەرکردنی هیزەکانی تورك لە حیجازو سوریاو فەلەستین ڕەخساند.

ئاشکرایە، هەر لەساڵی یەکەمی جەنگەوە، هاوپەیمانەکان کەوتنە دانانی پلانی ژێربەژێر بۆ دابەشکردنی کەلاکی دەوڵەتی عوسمانیی لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست، لەلایەن بریتانیاوە سێر مارك سایکس و لەلایەن فەرنساشەوە جۆرج پیکو کەوتنە سەوداو گفتوگۆ، پاشئەوەی چەندین نامەیان پێکەوە گۆڕییەوە لە نێوان خۆیاندا رێکەوتن و روسیاو ئیتاڵیاشیان لێ ئاگادارکردەوە، لە مایسی ١٩١٦ دا رێکەوتنیان مۆرکرد کە لە مێژوودا رێکەوتنی سایکس –پیکۆ دەناسرێت .بە پێی ئەم رێکەوتننامەیە، ناوچە عەرەبییەکان خرانە ژێر نفوزی فەرەنساو بریتانیاوە، فەرەنسا ناوچەکانی شام ( سوریا ، لوبنان و بەریتانیاش ویلایەتەکانی بەغدادو بەسرەو ناوچەی کەنداو هەردوو بەندەری حەیفاو عەککا، فەلەستینیش بکرێتە ناوچەیەکی نێودەوڵەتیی.

شایانی باسە، رێکەوتننامەی سایکس– پیکۆ باسی لە کۆنفدراسیۆنی چەند دەوڵەتی عەربیی یاخود دەوڵەتیکی عەرەبیی کردبوو، هەروەها قسەی لە جیاکردنەوەی شوێنە پیرۆزەکانی ئیسلام و عەرەبستان لە تورکیاو دانانی لەژێر حوکمێکی ئیسلامیی سەربەخۆدا کردبوو، بەلام ئەوانە هەرگیز لە گەڵ ئەو بەڵێنانە نەدەگونجا کە ماکماهۆن لە باتی حکومەتی بریتانیی دابووی بە شەریف حوسێن لەگەڵ ئامانجی نەتەوەیی عەرەب جووت نەدەبوون لەمەش زیاتر هاوزەمان لەگەڵ ئەم کەینو بەینە نهێنییانەدا بیلفۆری وەزیری دەرەوەی بریتانیا بەڵێنێکی ژێربەژێری دابوو بە رێکخراوی جیهانیی زایۆنی سەبارەت بە پشتگیرییکردنی دەوڵەتەکەی لەدروستکردنی نیشتمانیکی نەتەوەیی بۆ جولەکە لە فەلەستین، مەسەلەیەکی وا کە بە پراکتیزەکردنی بووە گەورەترین کێشەی گەلانی عەرەب .

بەهەرحاڵ، پاش ٤ ساڵ ئاگری جەنگ دامرکایەوەو هاوپەیمانەکان سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، دەوڵەتی عوسمانیی شکستخواردوو لە ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨دا بە پێی ڕێکەوتنی مودۆرۆس خۆی بەدەستەوەدا. لەساڵانی جەنگدا، ناوچە عەرەبییەکانی بەسرەو بەغدادو بەشی زۆری ویلایەتی موسل، سوریاو فەلەستین لەلایەن بریتانیاوە گیرابوون، پاش شۆڕشی ئۆکتوبەری ساڵی ١٩١٧ روسیا پاشەکشەی لەجەنگ کردبوو بەگرفتی نێوخۆییەوە خەریکبوو. فەرەنسییەکانیش ناوچەکانی باشووری ئەنەدۆڵیان کونترۆڵ کردبوو، ئەمەریکییەکان کە لە دواساڵەکانی جەنگدا لەپاڵ هاوپەیمانەکان بەشدارییان کرد، هیزێکیان لەناوچە عەرەبییەکان نەبوو، ئەو چواردە بەندەی سەرۆك ویلسنی وڵاتە یەکگرتووەکان بڵاوکردبوونەوەو ئومیدی سەربەخۆیی سیاسیی لەلای گەلانی غەیرە تورکی ئیمپراتورییی عوسمانیی دروستکردبوو بەتایبەتیی بەندی ١٢ کە ئاماژەیەکی راستەوخۆ بۆ مەسەلەیەکی وا دەکات .

کۆنفرانسی ئاشتیی لە پاریس لە کانونی دووەمی ١٩١٩ بۆ چارەسەرکردن و بڕیاردان لە گرفت و چارەنووسی شوێنە داگیرکراوەکان لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە دەستیپێکرد، دیارە هەڵپەی ئینگلیزو فەرەنسییەکان بۆ جێبەجێکردنی ڕێکەوتنە نهێنییەکانی سەردەمی جەنگ و خواستی گەلان بۆ ئازادیی و سەربەخۆیی جۆرە دژبەیەکیەکی دروستکردبوو، عەرەب کە خۆی بە شەریك و بەشێك لە هاوپەیمانەکان دەزانی، چاوەڕێی بەڵێنەکانی ماکماهون و دامەزراندنی دەوڵەتیکی ناسیونالی یەکگرتوو بوون، هەر بۆ ئەوەش، مەلیکی حیجاز ( شەریف حوسین) ئەمیر فەیسەڵی کوڕی لەگەڵ دەستەیەکی نوێنەرایەتی ٣

کەسی، هاوڕێ لەگەڵ لۆرەنسی بەناوبانگ، رەوانەی پاریس کرد. ئەم نوێنەرایەتییە لە کانونی دووەمی ١٩١٩ یاداشتێکیاندا بە ئەنجومەنی بەرزی کونفرانسی ئاشتیی کەتێیدا داوای دەوڵەتیکی یەکگرتووی عەرەبیی دەکرد کە هەموو عەرەبەکانی ئاسیا لەخۆبگریت لە ئەسکەندەرونە بەرەو رۆژهەلآت تا سەر سنووری ئێران و بەرەو خوار تا ئوقیانوسی هیندی، ناوچەیەکی فراوانی وا کە کوردستانیشی قوتدابوو.

لەڕاستیدا، داڕشتنەوەی نەخشەی سیاسیی رۆژهەلآتی ناوەڕاست کاتو ساتوسەودایەکی زۆری لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە پێویستبوو. کەلە ٢٤ی نیسانی ١٩٢٠داو لە ( سان ریمۆ) بڕیاری لەسەردرا، کاتێك هاوپەیمانەکان کۆبوونەوە بۆ دۆزینەوەی چارەیەکی ناوەنجی لە نێوان سەرەتای مافی داگیرکردنی وڵاتان ( حق الفتح) کە دەوڵەتانی ئەوروپی پەیڕەوییان لێ دەکردو لە رێککەوتنە نهێنییەکانی سەردەمی جەنگدا گونجاندیان.

بۆ بەلاداخستنی ئەم ناکۆکییە سەرەتایەکی نوێیان هێنایەکایەوە، ویلسۆنی سەرۆکی ئەمەریکاش پەسەندیکرد، ئەویش سەرەتای (ماندات/ئینتیداب) بوو کە جۆرێك لە بەڕێوەبردن بوو بۆ ئەو گەل وناوچانەی لەسەرزەمینی دەوڵەتی عوسمانیی دائەبڕانو بۆ ئەو کۆلۆنیانەی کە لە ئەڵمانیا سەتێنرانەوە، ئەم سەرەتایە لەبەندی ٢٢ی پەیمانی کۆمەلەی گەلاندا چەسپێنرا، بیانووی مەسەلەی مانداتی ئەوەبوو هێشتا ئەو گەلانە نەگەیشتونەتە قۆناغێکی پێشکەوتوی ئەوتۆ بێ یارمەتیی دەوڵەتیکی گەورە بتوانن خۆیان بەڕێوەبەرن، دەبێت

ماندێتـــەر یارمـــەتی مانـــدێتی بـــدات رادەیـــەکی لێوەشـــاوەیی خۆبەڕیوەبردن و دواتر سەربەخۆیی خۆی بگرێتەبەر.

بەمشیوەیە، لەکۆبوونەوەکانی سان ریمۆ چەند کێشەیەکی گرنگ بـەلاداخران، سـەلماندنی پرنـسیپی مانـدێتی رێگـەی تـەختکرد بـۆ جێبـــەجێکردنی رێکەوتنـــە نهێنییـــەکانی ســـەردەمی جـــەنگ، لەسەردابەشـکردنی دەسـتکەوتەکان پێکهـاتن، ویلایەتـەکانی لوبنـان، دیمەشـق، حەڵـەب، ئەسـکەندەرونە خرانـە ژێـر مانـدێتیی فەرەنسیی و ویلایەتـەکانی موسـڵ، بەغـداد، بەسـڕە، فەلەسـتین بـۆ ژێـر مانـدێتی بریتانیـــا، ئەگەرچـــی حاڵـــەتێکی وا نـــاڕەزایی زۆری لـــەلای ناسیونالیـستانی عـەرەب وروژانـد، بـەلام بـەکردەوە بـەردی بناغـەی دامەزرانـدنی چـەند دەوڵـەتیکی عـەرەبیی دانـا کـە دەبـوو لـە ئاینـدەدا سەربەخۆبن.

## پاشایەتیی عەربیی سعودیی

عبـدالعزیز کـوڕی سـعود، دامەزرێنـەری دەوڵـەتی سـعودییەیە، بنەماڵەکەیان دەسەڵاتداری ناوچەی نەجد بوون و لە ریازی پایتەختـەوە ئەو ناوچەیەیان بەڕیوە دەبرد. لەناوەڕاستی سـەدەی ١٩ وە، بنەماڵـەی ئـال سـعود لەکێـشەیەکی خوینـاویی و ململانێـی تونـدا بـوون لەگـەڵ بنەماڵـــەی ئـــال رەشـــیدی دەســـەڵاتداری حائـــل کـــە لایـــەنگریی عوسمانییەکان بوون و میرنشینی شـەمریان دامەزرانـد بـوو. ئال رەشید توانیان باوکی عبدالعزیزی کوڕی سعود لە نەجد دەرپەڕێنن و بۆ ماوەی

١١ساڵ لە قەتەرو بەحرین و کوێتدا ئاوارەیان بکەن تاکو دواتر عبدالعزیزی کوڕی سعود بە هاوکاری شێخ موبارەك ئال سەباحی حاکمی کوێت ولایەنگری بریتانییەکان، توانی بگەڕیتەوە ناوچەی نەجدو لە ١٥ ی کانونی دووەمی ١٩٠٢ دا، دەسەڵاتی ئال سعود لەوناوچەیە دابمەزرێنیتەوە. لێرە بەدواوە، عبدالعزیز بە (ابن سعود /کوڕی سعود) ناسرا.

پاش جێگیربوونی دەسەڵاتی کوڕی سعود لە نەجد هەوڵیدا دەسەڵاتی خۆی لە نێو خێڵە عەرەبەکانی دەوروبەردا بڵاو بکاتەوە لە رێگای ژن و ژنخوازییەوە جگە لەوە بریاریدا تۆڵەی خۆی لە ئال رەشید بستێنی و دەسەڵاتی تورك لەناوچەکەدا کەمبکاتەوە، ئەوەشی بۆ هاتەدی پاش ئەوەی لەشەڕی ( الشنانە) لە ٢٩ی ئەیلولی ١٩٠٤ و شەڕی ( بریعە) لە ١٤ی نیسانی ١٩٠٦ دا، هێزەکانی ئال رەشیدی تارومار کرد، هەروەها لەهاوینی سالی ١٩١٣ دا، ئەو هەلەی قۆستەوە کەدەوڵەتی عوسمانی بەشەڕی بەلقانەوە گیریخواردووەو توانی ناوچەی ئەحسا کونترۆڵ بکات .

دیارە کوڕی سعود هەوڵیدا هەر لەسالی ١٩١٠ ەوە بەرنامەیەك بە نێوی ( جولانەوەی برایانی وەهابیی ) جێبەجێبکات، بەوەی عەرەبە کۆچەرەکان لە یەکەی جیاجیادا نیشتەجیٚ بکات و پرەنسیپەکانی ئاینی ئیسلامیان بکات بەمێشکاو سوود لەتوانای جەنگاوەرییان وەربگریت لەگەڵ ئەوەش هێشتا کوڕی سعود لەخۆئامادەکردندا بوو تاکو ململانێی خۆيِ لەگەڵ دوژمنەکانی یەکالا بکاتەوە کەخۆی لە ئال رەشیدو شەریف حوسێن دەبینییەوە کە لە ساڵی ١٩٠٨ ەوە ببووە شەریفی مەککە.

پاش هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهانی، بریتانیا هەوڵیدا سوود لەو کەسایەتیانەی نیمچە دورگەی عەربی وەك کوڕی سعودو شەریف حوسێن دژی عوسمانییەکان وەربگرێت، بۆ ئەو مەبەستەش پەیوەندیی لەگەڵدا کردن.

بەپێی ڕێکەوتننامەی ( العقیر ) کە لە کانونی یەکەمی ساڵی ١٩١٥دا، ئینگلیزەکان لەگەڵ کوڕی سعوددا بەستیان، بریتانیا دانی بە کوڕی سعوددا نا وەك میری نەجدو ئەحساو قەتیف‌و ناوچەکانی دەوروبەری، بڕیاری پاراستنیدا دژی هەر هەڕەشەیەکی دەرەکیی. ئەویش لەلای خۆیەوە بڕیاریدا کە هێرش نەکاتە سەر شێخنشینەکانی کەنداو، ئەوانەی هاوپەیمانی بریتانیان، تا دواتر سنووری نێوانیان دیاریدەکرێت. جگەلەوەی، بەوە رازیی بوو بریتانیا سەرپەرشتیی پەیوەندییەکانی دەرەوەی بکات‌و ئامادەباشیی خۆی دەربڕی دەست لە هیچ بەشێکی زەوییەکانی خۆی هەڵنەگرێ یان هیچ ئیمتیازێك بە دەوڵەتێکی بێگانە نەبەخشیت بێ ڕەزامەندیی حکومەتی بریتانیا.

هەوڵەکانی کوڕی سعود بۆ خۆچەسپاندن‌و دوژمنایەتیی دوژمنە سونەتییەکانی لە ئال ڕەشیدو هاشمییەکانی حیجاز بەردەوامبوو. ڕاستەوخۆ دوای خامۆشبوونی ئاگری جەنگ، کوڕی سعود توانی سەرکەوتنێکی سەربازیی گەورە بەسەر هێزەکانی شەریف حوسێندا بەدەستبێنیت، ئەویش لە ئایاری ١٩١٩دا، کاتێك هێزی وەهابییەکان گورزێکی توندیان لەوسوپایە وەشاند کە شەریف حوسێن بەسەرکردایەتیی عبداللەی کوڕی ناردبووی. ئەو شەڕەی بە(لییلیە)ناوی دەرکردبوو.

دیاره پاش کۆنگرەی سان ریمۆو قاهرەو داڕشتنەوەی نەخشەی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هاشمییەکان لە حیجازو عێراق‌و ئەردەن دەسەڵاتیان چەسپا، ئەمەش کوڕی سعودی ترسان‌و هانیدا ململانێی خۆی لە گەڵ ئال رەشید یەکلابکاتەوەو لەکۆتایی ساڵی ١٩٢١ دا، کوتایی پێهیناو حائلی داگیرکردو هێزەکانی ئیخوان بەردەوام پەلاماری سنورەکانی عێراق‌و کوێت‌و ئەردەنیان دەدا. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی بریتانیا بکەویتە نێوان‌و هێندیك ناوچەی بێلایەن لە نێوان نەجد–عێراق و نەجد–کوێت دا پێکبهێنرێت.

ئنجا کوڕی سعود هەلێکی باشی کەوتەدەست بۆ ئەوەی گورزێکی گەورە لە هاشمییەکان لە حیجاز بوەشێنێ، ئەویش پاش ئەوەی شەریف حوسێن هەلومەرجە نوێیەکەی پاش جەنگی قبوڵ نەبوو، چ مەسەلەی مانداتی بریتانیا لەعێراق‌و فەلەستین، چ دامەزراندنی دەوڵەتیکی جولەکە، یان بانگەوازکردن بۆ خەلافەت، پاش ئەوەی کەمالییەکان لە تورکیا لە ئازاری ١٩٢٤ دا کۆتاییان پێهینا. هەربۆیە کوڕی سعود ناکۆکیی بریتانییەکان‌و شەریف حوسێنی قۆزتەوەو لە ریاز کۆنگرەیەکی بۆ وەهابیەکان بەست‌و پشتگیریی بەدەستهێنا و لەئابی ١٩٢٤دا هێزەکانی کوڕی سعود چونە مەککە. هەرچەندە شەریف حوسێن وازی لە دەسەڵات هێنا بۆ عەلی کوڕی، حیجازی بەجێهێشت بەڵام ئەمە نەبووەتە هۆی وەستاندنی کوڕی سعودو لە٥ی کانونی یەکەمی ١٩٢٠دا، هێزەکانی چونە مەدینەو پاشان جدەشیان کونترۆڵکردو لەکانونی دووەمی ١٩٢٦دا کوڕی سعود بە پاشای حیجازو نەجدو دەوروبەری راگەیەندرا، یەکێتی شورەوی یەکەمین دەوڵەت بوو دانی نا بە پاشایەتی سعودی داو پاشتر بریتانیاش دانی

پیداناو له۲۰ی ئایاری ۱۹۲۷ پەیماننامەی(جدە)ی لەگەڵ سعودیە مۆرکرد.

شایانی باسە، حیجاز تا ٦ ساڵیش واتە تا سالی ۱۹۳۲ هەر بەجیا لە نەجد بەڕیوەدەچوو. تاکو دواتر بەفەرمانیکی پاشایەتیی، تەواوی هەرێمەکانی وڵات رێکخران و ناوی پاشایەتیی عەربیی سعودیی لیٚ نرا.

سەبارەت بە رێکخستنە ئیداریی و دەزگا سیاسییەکانی ئەم دەوڵەتە کە رژیمێکی پاشایەتیی هەبوو، رێکخستنەکان زۆر سادەو سونەتیی بوون، کوڕی سعود وەك پاشاو بەپشتبەستن بە ئەندامانی بنەماڵەکەی وپیاوانی ئاین و سەرۆك عەشیرەتەکان، کارو سیاسەتی بەڕیوەدەبرد. جگەلە پشتبەستن بە هیندێك کەسایەتی کە خەڵکی دەرەوەی نیمچە دورگەی عەربی بوون، وەك فوئاد حەمزەو یوسف یاسین و حافز وەهبە. لە سالی ۱۹۳۱دا، بەفەرمانیکی پاشایەتیی، ئەنجومەنی وەزیران دامەزرا کە میر فەیسەڵی کوڕی عبدالعزیزی سعودی سەرۆکایەتیی دەکرد.

سەبارەت بە بارودوخی ئابووریش، دەوڵەتی سعودییە لەسەرەتای سییەکانی سەدەی رابردوودا، توشی قەیرانیکی ئابووریی بووەوە، لەئەنجامی ئەو نەهاتییە ئابوورییە گشتییەی کە سەراپای جیهانی گرتبووەوە. دیارە ئەو کاتە کە نەوت لە عەربستانی سعودی نەدۆزرابووەوە، ئابووریی ئەو وڵاتە پشتی تەنیا بەو داهاتە دەبەست کە لە حەجکردنی موسڵمانانەوە دەستیدەکەوت. بە هۆی قەیرانی ئابوورییەوە مەسەلەی حەجکردن بۆ خەڵك گران بوو. ئەوەش کاریگەری زۆری لەسەر رەوشە ئابورییەکە کردو بەرەو خراپی برد. بەجۆریك حکومەت پارەی کارمەندەکانی بۆ نەدەدرا، لەهەلومەرجێکی وادا، فەیسەڵی کوڕی عبدالعزیز چووە لەندەن بۆ وەرگرتنی قەرز یان

رازیکردنـی کومپانیایـەکی نـەوتی ئینگلیزیـی بـۆ وەرگرتنـی ئیمتیـازی نەوتیی بەرامبەر بە قـەرزێکی دیـاریکراو. بـەڵام ئـەم هەوڵـە سـەرکەوتوو نەبوو.

کــوڕی ســعود بــۆ چارەســەریی کێــشەکە پــەنای بــۆ پــسپۆڕێکی جیۆلۆجیی ئەمەریکیی بردو لەو ڕێگایـەوە ئیمتیـازی نـەوتی سعودیەی دا بـە کۆمپانیـای سـتاندەری کالیفۆرنیـای ئەمـەریکیی لـە٢٩ی مایـسی ١٩٣٣بەرامبەر ٣٠ هەزار جونەیهی ئالتونیی. ئەو کۆمپانیایەی لە ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٨ نەوتێکی زۆری دۆزییـەوەو لەمایسی ١٩٣٩دا، بۆ یەکەمجار، نەوتی سعودییە بۆ بازاڕی دەرەوە ڕەوانەکرا. لەڕاستیدا، هەڵگیرســاندنی دووەمــین جــەنگی جیهــانیی، کــاری کۆمپانیاکــەی ڕاوەستاندو بەرهەمهێنانی نەوتی پەکخست، بەوەش قەیرانی ئابووریی جارێکتر سەری هەڵدایەوە.

لەگــەڵ هەڵگیرســاندنی جەنگــدا، کــوڕی ســعود، هەوڵیــدا گرفتــە ئابوورییـەکانی سـعودییە بـە وەرگرتنـی قـەرز لـەبریتانیاو کۆمپانیـای ئارامکوی ئـەمریکیی چارەسـەربکات. دیـارە کۆمپانیـای ئارامکو توانی کوڕی سعود بـەلای خۆیدا رابکێشیت و بـەوەش پەیوەندییـەکانی کوڕی سـعودو ئەمـەریکا هێنـدەی تـر بـەهێزتر بـووو یارمەتییـە سـەربازیی و ئابووریــیەکانی ئەمــەریکا دەگەیــشتە ســعودییە. لەســاڵی ١٩٤٥دا، ڕۆزفیڵـدی سـەرۆکی ئەمـەریکاو کـوڕی سـعود چـاویان بەیەکترکـەوت، لە٨ی ئابی ١٩٤٥دا، ڕێکەتننامەیـەك لـەنێوان هـەردوو دەوڵـەتدا بەسترا بــەپێی ئــەم ڕێکەتننامەیــە ئەمەریکییــەکان بنکەیــەکی ئاسمانییــان لــە(الظهــران)ی ســعودیە دانــاو تاســاڵانی ١٩٦٠ەکــان، ئەمــەریکا بــۆ مەبەستەکانی خۆی بەکاریدەهێنا.

دیاره لە دە ساڵی دوایی حوکمی کوڕی سعوددا، سعودییە لە رووی ئابووریی و بنیاتنانەوە گەشەیکرد. دەزگای نوێ دامەزرا، کوڕی سعود فەیسەڵی کوڕی کردە وەزیری دەرەوەو حاکمی حیجاز، سعودی کوڕیشی کردە وەلی عهدو رابەری گشتیی سوپا کە لەپاش مردنی باوکی لەتشرینی دووەمی ١٩٥٣دا بووە پاشای سعودیە.

قۆناغی حوکمی سعود(١٩٥٣-١٩٦٤)بەقوناغێکی گرنگ لەمێژووی سعودییە دادەنرێت کە تێیدا گۆڕانکاریی خێرا لە باری ئابووریی وکۆمەڵایەتیی وڵاتو گەشەکردنە شۆڕشگێڕییەکان لە وڵاتانی دەوروبەرو کێشەو ململانێی نێوان سعودو فەیسەڵی برایدا روویدا. لەئاستی سیاسەتی نێوخودا، دامەزراندنی وەزارەتەکانی بازرگانی وپەروەردەو راگەیاندنو کشتوکاڵ، هەروەها خەرجکردنی پارەیەکی زۆر بۆ بنیاتنانی خوێندنگاو چاکردنی رێگاوبانو خانوبەرەو ناردنی خوێندکاران بۆ دەرەوەی وڵات وەك میسرو ئەمەریکاو دەستبلاوی پاشا لە دەربارادا، رەوشی دارایی وڵاتی لەقکرد، بەتایبەتی کە پارەیەکی زۆری سعودییە دەبرایە ئەوروپا بۆ سەرمایەگوزاریی، سەبارەت بە سیاسەتی هەرێمیی و دەرەکیی سعودییەش، پەیوەندییەکانی سعودییە- عێراقو سعودییە- ئەردەن بەرەو خراپیی دەڕۆیی، بەڵام لەگەڵ ئەمەریکادا پەیوەندییەکان بەهێزمانەوە. لەسەرەتای شەستەکانیشەوە پەیوەندییەکانی سعودو فەیسەڵی برای زۆر خراپبوون، تاکو لە ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤دا، میرەکانی بنەماڵەی سعودیی و پیاوانی ئاینیی بڕیاریاندا سعود لە پاشایەتیی لابەرن کە نەخۆش بوو. لە شوێنی ئەو فەیسەلیان دانا، ئەو فەیسەڵەی تا ١٩٧٥ پاشای سعودیە بو هەر لەو ساڵەدا تیرۆرکرا.

سەبارەت بە چالاکیی ئوپۆزسیۆن لە سعودیە، پاش دووەمین جەنگی جیهانیی، رەوشێکی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەلایەتیی تایبەت لەناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستۆ ناوچەکەدا هاتەئارا. بەهێزبوونی بیری دیموکراتیی و چەپگەرایی و بیری نەتەوەیی شۆڕشگێڕانە، جولانەوەو شۆڕشە نەتەوایەتییەکانی دژ بە ئیستیعمار، وەك شۆڕشی میسر سالی ۱۹۵۲، دەستپێکردنی شوڕشی جەزائیر لە ۱۹٥٤، شۆڕشی عێراق ۱۹٥۸، یەمەن ۱۹٦۲، مەسەلەی فەلەستین و شەڕەکانی سالی ۱۹٤۸و۱۹٦۷، تێکڕای ئەمانەو دروستبوونی چینی کرێکاری سعودیی و دروستبوونی توێژی رۆشنبیرانی شۆڕشگێڕ لە سعودییە، کاریگەریی خۆیان هەبوو.

هەربۆ چالاکییە کریکارییەکان دژی کۆمپانیای ئارامکوو خۆپێشاندان و مانگرتنی کرێکارانی نەوت لەسالەکانی ٤٥و٤٦و٤٧و٥٦ دا، کە داوای چاککردنی باری گوزەران و زیادکردنی کرێیان دەکرد، دەتوانرێت وەك نموونە بهێنریتەوە. هەروەها خوپێشاندانی سالی ۱۹٦۷ کە پاش شکستە گەورەکەی عەرەب بەرامبەر بە ئیسرائیل دژی بارەگاکەی هێزی ئاسمانیی ئەمەریکا لە ظهران روویدا، هەروەها دوو هەولی کودەتای شکستخواردو لە سالی ۱۹٦۹دا، کەچەند لایەنێکی جیاوازی ناوخۆ پێی هەستان، دەکرێت وەك چالاکیی رادیکالانەی ئوپۆزیسیون لە سعودییە بهێنریتەوە، ئەو ولاتەی کە تا ئێستا نەیتوانیوە دیموکراسیەت وئازادیخوازیی بکاتە بنەمای پتەوی دەسەلات و زۆربەی ئازادییە سیاسیی و کومەلایەتییەکانی تێدا پێشێل دەکرێت.

# دەوڵەتی کوێت

شـاری کوێـتو دەوروبـەری لەسـەرەتای مێـژووی هاوچـەرخەوە لەلایـەن بنەماڵـەی (ئـال صـباح)ەوە فەرمانڕەوایـەتیی دەکـرا. لەگـەڵ پەرەسەندنی نفوزی بریتانییەکان لە کەنداوو پیادەکردنی سیاسەتی بەسـتنەوەی ئـەو میرنـشینو شـێخایەتییانەی لەناوچـەکەدا هـەبوون، فەرمانڕەوای کوێت (مبارك الصباح ١٨٩٦-١٩١٥) پەیماننامەیەکی لە ٢٣ی کـانونی دووەمـی سـاڵی ١٨٩٩دا، لەگـەڵ بریتانییـەکان بەسـت، تیایدا دانی بە نفوزی بریتانییەکانو بەرژەوەندییەکانی نا لەناوچەکەدا بەرامبەر بەپاراستنی فەرمانڕەوایەتیی ئال سەباح بەسەر ناوچەکەدا. دیارە شوێنی جیۆگرافیی نایابی کوێت، کە بەندەرێکی ئاوی گرنگە لەسەر کەنداو، هەروەها ترسی بریتانییەکان لەپرۆسەی رێگای ئاسنی (بەرلین-بەغداد) کە ئەڵمانەکانو عوسمانییەکان پێکەوە سەرگەرمی بـوونو دەگونجـا بەرژەوەندییـەکانی بریتانیـا لەناوچـەکەدا بخاتـە مەترسیەوە. ئەمانە هانی بریتانیایان دەدا بەوجۆرە خۆ لەبنەماڵەی ئال سەباح لە کوێت نزیك بخاتەوە.

پاش مردنی شێخ مبارك، شێخ جابری کوڕە گەورەی هات(١٩١٤-١٩١٧)وپـاش ئـەو براکـەی، واتـە شـێخ سـالم(١٩١٧-١٩٢١) بـووە فـەرمانڕەوا، سـالم سیاسـەتێکی جیـاوازی بەرامبـەر بریتانییـەکانو بەرژەوەندییـەکان جێبەجێـدەکرد کـە دەکـرێ بـە دوژمنانـە ناوببرێـت. لەبەرامبەر ئەوەدا، بریتانیەکان جۆرە گەمارۆیەکی دەرياييان خستبووە سەر کوێتو ئەمەش بارودۆخی ئابووریی ناوچەکەی شێواند.

به مردنی سالم، شێخ ئەحمەد جابری برازای بووە فەرمانڕەوا لە ٢٩ ی ئـــازاری ١٩٢١ دا تاســـاڵی ١٩٥٠ حـــوكمی كـــردو ســـەردەمەكەی بـەقۆناغێكی گـرنگ لەمێـژوی كوێـت دادەنرێـت، چـونكە بـە بەسـتنی كـــونگرەی (العقـــیر)لـــە ٢٨ی تـــشرینی دووەمـــی ١٩٢٢دا كێـــشە ســـنوورییەكانی باشـــووری كوێـــت لەگـــەڵ ســـەڵتەنەی نەجـــددا (سعودیە)یـەكلابووە، هـەروەها بایەخـدانی شـێخ ئەحمـەد بـەكاروباری نێوخۆ زیادیكردو گرنگترین مەسەلە لەم بارەیەوە دۆزینەوەی نەوت بوو لەكوێت لە سییەكانی سەدەی بیستدا كە زیاتر هانی ئینگلیزەكانیدا بایەخ بەكوێت بدەن. شایەنی باسە، لە ٢٣ی كانونی یەكـەمی ١٩٣٣دا، شێخ ئەحمەد جابر ئیمتیازی نەوتی دا بە كۆمپانیای نـەوتی كوێت كـە لە دوو كۆمپانیای ئینگلیزیی پێكدەهات بۆ ماوەی ٧٥ ساڵ بەرامبەر پێشەكیی ١٤٢هـەزار دۆلارو كرێـی سـالانەی ٢٨ هـەزار دولار، ئەمـەش ئاهێكی بە ئابووریی خراپی كوێتدا هێنایەوە. لە ئەنجامی پاشەكشەی راوە مـــرواری بـــەهۆی دۆزینـــەوەی مـــرواری دەســـتكرد لـــە لایـــەن ژاپۆنییەكانەوە، جگە لە قەیرانی ئابووریی جیهانیی.

بە هـەرحاڵ، پـاش گـەڕانیكی زۆر بـەدوای نەوتـدا، لـە ٣٠ی ئـایاری ١٩٣٦ یەكەم بیرەنەوت لەناوچەی ( الجرە) لێدراو دواتر لە ( یرقان)یش نەوت دەركەوت. ئەم گەڕانە تا سالی ١٩٤٢ بەردەوام بوو كە لـەو ساڵەدا بـــەهۆی جەنگـــەوە ڕاگـــیراو ســـاڵی ١٩٤٥ دەســـتیپێكردەوەو لـــە ٣٠حوزەیرانی ١٩٤٦بۆ یەكەمین جار نەوتی كوێت بۆ دەرەوە باركرا.

گرفتی سیستمی فەرمانڕەوایـەتیی لـە كوێت یەكێكە لـەو گرفتانـەی كە لەسەردەمی شێخ ئەحمەد جابردا چارەسەركرا، ئەویش بـەوەی چـی دی كوڕەگـەورە لەشـوێنی بـابی دانـەنرا، پـاش ئـەوەی ریشـسپیانی

بنەماڵەی ئال صباح کۆدەبوونەووە بڕیاریان لەسەرکەسێکی شایستەی بنەماڵەکەدەدا، جا مەرج نەبوو کوڕەگەورە بووایە، هەروەها لە قۆناغی شێخ ئەحمەددا سەرەتای رژێمی نوێنەرایەتیی و شوورا دەستیپێکردو ئەنجومەنێکی ١٢ کەسیی وەك راوێژکار پێکهات جگە لە دامەزراندنی ئەنجومەنی شارەوانی لە شاری کوێت لەساڵی ١٩٣٤و دواتریش ئەنجومەنی مەعاریف، بەڵام دەسەڵاتی راستینە هەر لە دەستی خودی شێخ ئەحمەدی فەرمانڕەوادا بووە. سەبارەت بە دانانی دەستووریش لەکوێتدا، هەر لەساڵی ١٩٣٨ ەوە، دەستووری کوێت دانرا کە زامنکردنی سەربەخۆیی کوێت یەکێکە لە بەندەکانی.

پاش مردنی شێخ ئەحمەد، کوڕە مامەکەی شێخ عبدالله سالم ئال سەباح (١٩٥٠-١٩٥٦ ) بووە فەرمانڕەوای کوێت. لەسەردەمی ئەم شێخەدا هەم بەرهەمهێنانی نەوتی کوێت قەڵەمبازێکی گەورەیدا، چونکە ساڵی ١٩٥٢ بەرهەمی کۆمپانیای نەوتی کوێت ٣٧ ملیون تەن بووە، کەچی لەساڵی ١٩٥٦چووە ٦٠ملیۆن و دواتریش بووە ٨٠ملیۆن تەن. کوێت بوو بە یەکێك لەو دەوڵەتانەی کە بەرهەمهێنەری سەرەکیی نەوتی جیهانن، هەم مەسەلەی دامەزراندنی دەوڵەتیکی مودێرن بووە خولیای شێخ، لەبایەخدان بە کاروباری خوێندن و بڵاوکردنەوەی زانیاریی و ئاوەدانکردنەوەو بەرهەمهێنانی ئاوی شیرین و دروستکردنی شۆستەو جادەو بنیاتنانی خانووبەرەو نێوەندە بازرگانیی و بانكو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی.

شایەنی باسە، کوێت لەکۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکاندا هەنگاوی مەزنی بەرەو سەربەخۆیی نا، لەپاش هەڵگیرساندنی شۆرشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ لە عێراق و رووخاندنی رژێمی پاشایەتیی

هاشمیی، بریتانییەکان هەوڵیاندا کوێت لەو روداوانە دوورەپەرێز بمێنێتەوەو پێگەیەکیشی لەئاستی نێو دەوڵەتییدا هەبێت. هەربۆیە پشتگیریان کرد لەچەند رێکخراوێکی وەك (WHO/ رێکخراوی تەندروستی جیهانیی) و (UNSCO / یونسکۆ) ببێتە ئەندام. جگەلە لێدانی پارەی کوێتی (دینار وفلس) وناردنی لاوان بۆ زانکۆکانی بریتانیاودامەزراندنی هێزی پۆلیس و لەشکرێکی نیشتیمانیی بچووك و بەخشینی قەرز بەلوبنان و ئەردەن .

بەمشێوەیە، هەرلەئایاری ١٩٦١ ەوە، هەلومەرجی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوێت فەراهەم بوو، بەتایبەت پاش سەردانی ئەمینداری گشتیی یەکێتیی وڵاتە عەرەبییەکان (عبدوالخالق حسونە ) بۆ کوێت، بەمەبەستی بوونی میرنشینی کوێت بەیەکێك لەئەندامەکانی ئەویەکێتییە، هەربۆیە پاش گۆڕینەوەی دووبیرەوەریی لەنێوان شێخی کوێت و (سێرولیم لوس ی) نوێنەری بریتانیی لەکوێت، کۆتایی بە پەیماننامەی ساڵی ١٨٩٩ هات و بەوەش ١٦ی حوزەیرانی ١٩٦١ بووە ڕۆژو مێژووی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوێت. دیارە پەیوەندییەکانی کوێت و عیراق بەدرێژایی مێژوو ئاڵۆزیی و ساردیی تێدا بینراوە، بەپێی ئەوەی کوێت لەسەردەمانی عوسمانییدا بەشێك بووە لەویلایەتی بەسرەو فەرمانڕەوا هاوچەرخەکانی عێراق نەیاندەویست هیچ کاتێك کوێت وەك ناوچەو وڵاتێکی سەربەخۆ لەعێراق سەیرکەن، هەرلەسەردەمی مەلیك غازی لە عێراق دەنگی رادیۆی (قصرالزهور/کۆشکی گوڵان ) پروپاگەندەی بۆیەکێتیی عێراق و کوێت دەکردو شێخی کوێتی بەدەرەبەگێکی چڵکاوخۆری بریتانیا دادەنا ،بۆ ئەو مەبەستەش پشتگیریی جوڵانەوەیەکیان دەکرد بەناوی

(الــشبيبه/لاوان) تــاكو ئــەو هــزره پەرەپێبــدەن. دواى ڕاگەيانــدنى سەربەخۆيى كوێتيش، عبدالكريم قاسم، يەكەمين سەركۆمارى عێراق، پاش سەربەخۆيى كوێت، لە كۆبوونەوەيەكى ڕۆژنامەنووسيدا لە ٢٥حوزەيرانى ١٩٦١ ڕايگەياند:كوێت دەتوانىٚ بێتەوە باوەشى نيشتيمانى عێراقى دايكى" ئەوەش قەيرانێكى گەورەى ٢٦ مانگيى لێكەوتەوەو نزيكەى ٦٠٠سەربازى هێزى كۆماندۆى بريتانيى لەسنوورى كوێت –عێراق نزيك (صفوان ) دابەزين تا هەر هەڕەشەيەكى داگيركاريى لەسەر كوێت نەهێڵن، لەم قەيرانەدا ڕێكخراوە نێودەوڵەتيى و يەكێتى ولأته عەرەبيەكانيش پشتى كوێتيان گرت، ديارە دانپێدانانى عێراق بۆ سەربەخۆيى كوێت بە فەرميى لە ٤ى تشرينى يەكەمى ١٩٦٣دا بوو، پاش ئەوەى شێخ صباح السالمى وەليعەهد سەردانى عێراقى كرد .

پاش سەربەخۆيى كوێت، هەنگاوى گەورەى لە ڕيفۆرمى سياسيىو ئابووريىو كۆمەلأيەتيى ناوە ،لە٢٣ىكانوونى دووەمى ١٩٦٣ بۆ يەكەمين جار هەڵبژاردنى پەرلەمانى گشتيى كراو پەرلەمانێكى ٥٠كەسىى پێكهات. پاش چوار ڕۆژ ئەنجوومەنێكى وەزيران دەمەزرا، كەژمارەى وەزيرەكانى ١٥ كەس بوون بەسەرۆكايەتى صباح السالم. ئەمەو گەشەكردنى پرۆسەكانى بنياتنانو ئاوەدانكردنەوەو پەرەپێدان شانبەشانى پتەوبوونى پەيوەنديىەكانى كوێتو ڕۆژئاوا (بريتانياو ئەمەريكا ) وەچوون بەڕێوە تاساڵى ١٩٩١ كە كارەساتێكى گەورە بەسەر كوێتدا هات، ئەويش داگيركرنى بو لەلايەن سوپاى ڕژێمى بەعسى رابردووى عێراقەوە.

# میرنشینی ڕۆژهەلاَتی ئەردەن

لەڕاستییدا، ئەو میرنشینە پەیوەستە بە خواستنی بنەماڵەی هاشمییەکانەوە، پاش ئەوەی فەرەنسییەکان لەسوریادا حکومەتە عەرەبییەکەی فەیسەڵیان ڕووخاند، میر عەبدولاَی کوڕی شەریف حسێن بە هێزێکی ٢٠٠٠ کەسییەوە، خۆی گەیاندە ناوچەی (مەعان )و لەوێڕا بەناوی گێڕانەوەی فەیسەڵ بۆ دیمەشق بارەگای خستو لەلایەن خەڵکەوە پێشوازیی لێکرا، ئەو ڕووداوەی کە لە ١١تشرینی دووەمدا ڕوویداو فەرەنساو بریتانییەکانی ترساند، ئەوانەی داوایان لە عەبدولاَ کرد ناوچەکە چۆڵ بکات، بێئەوەی میر وەلاَمێکی ئیجابیی بداتەوە. لەوەش زیاتر، میر خۆی بۆچوونە ناو(عەمان ) ئامادەکردو لەئاداری ١٩٢١دا، چووە ئەوێو پێشوازیی لەلایەن خەڵکەوە لێکرا .

چەرچڵ، وەزیری موستەعمەراتی بریتانیی، بە پەلە داوای چاوپێکەوتنی لەگەل عەبدولاَ کردو هەردوولا لەکۆتایی ئاداری ١٩٢١دا، لە(قودس) یەکتریان بینیو پاش گفتوگۆیەکی زۆر ڕێکەتنێکیان بەست کە بەبەردی بناغەی دامەزراندی میرنشینی ڕۆژهەلاَتی ئەردەن دادەنرێت، ئەویش ئەوەیە کە بریتانیا رازی دەبێ عەبدولاَ حوکمەتێکی عەرەبیی لەڕۆژهەلاَتی ئەردەن پیکبهێنێت کەپایتەختەکەی عومان بێت و هەرسێ ناوچەی (اربد، الکرك، السلط ) لەڕووی بەڕێوەبەرایەتییەوە یەك بخاتو بۆسەربەخۆیی هەنگاو بنێ، بەمەرجێ ئەوناوچانە نەبنە بنکەیەکی هەڕەشەو پەلامار بۆسەر سوریاو فەلەستین ودووبنکەی ئاسمانیی بریتانیاش لەهەردوو ناوچەی (عومان ) و(الجیزە) بێتو

حوکمەتەکەی عەبدولا لەسایەی ڕاوێژی نوێنەرێکی بریتانیی بێت لە عومان، ئەو حوکمەتەی کە بەفەرمیی لە١١ی نیسانی ١٩٢١ دامەزراو ئەنجومەنێکی ڕاوێژکارانی دامەزراندی بەسەرۆکایەتیی (رشید الطليع)بوو ،هەروەها (جولیوس ئەبرامسن ) بووە سەرۆکی نوێنەرانی بریتانیا لەمیرنشینەکە، جگەلە ٧ ڕاوێژکاری ئینگلیزیی دیکە کە بۆهاوکاریی میرو ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دانرابوون .

شایەنی باسە، ئەم حوکمەتەی ئەردەن پایەیەکی بەهێزی ئەوتۆی نەبوو بۆدامەزراندنی، ولاتەکە لەڕووی ئابووریی و کۆمەلایەتییەوە زۆر هەژاروو دواکەوتوو بوو، زۆربەی خەلکەکەی بەکشتو کال وکۆچەریی ژیانیان دەگوزەراند، نەڕێگای قیروو نەتەلاری حوکمەتیی و نە تۆڕی ئاووکارەباو پەیوەندییە تەلەفونییەکان. خودی میر لەژێر دەواردا دەژیا، لەبارێکی بەو شێوەدا هاوکارییە مادییەکان بەریتانیا زیاتر بۆپەرەپێدانی هێزی سەربازی میرنشینەکە خەرج دەکرا ،لەسەرەتادا هێزێکی سەربازی بەناوی (الجيش العربي /سوپای عەرەبی ) بەسەرۆکایەتی کاپتن (peake/پیك ) دامەزرا ،

ئەو سوپایەیی لەسالی ١٩٢٨دا لە (٨٥٩) سەرباز پێکدەهات کەلەوانە (٣٢٠) یان سوریی و فەلەستینی بوون. بودجەی ئەم سوپایە زیاتر لە ٥٠٪ بودجەی سالانەی میرنشینەکەی دەبرد. ئەوەش کارێکی باشی بۆ پێشخستنی بوارەکانی دیکەی میرنشینەکە نەدەکرد، سالی ١٩٢٦ هێزێکی نوێ بەناوی (هێزی سنووری ڕۆژهەلاتی ئەردەن /قوه حدود شرقي اردن )و لەسالی ١٩٣٠(هێزی بادیە ) دامەزران، لەسالی ١٩٣٦ کلوب پاشا بووە سەرکردەی گشتی هێزەچەکدارەکانی سوپای ئەردەن.

سـەبارەت بەپەیوەندییـەکانی بریتانیـاو میرنـشینی ڕۆژهـەڵاتی ئەردەن، بریتانیا لە٢١ی ئەیلولی ١٩٢٢دا، داوای لە کۆمەڵەی گەلان کرد ڕۆژهـەڵاتی ئـەردەن نەخرێتـە چوارچـێوەی ئەوناوچـانەی فەلەسـتین کەماندێتییان بەسەردا دادەبڕێت، جگە لەوەی لە٢٥ی ئایاری ١٩٢٣دا بە فەرمیی دانی بە میرنشینەکەدا ناو لە٢٠شوباتی ١٩٢٨دا، یەکەمین پەیماننامە لەنێوان بریتانیاو میرنشینەکەدا بەسترا لەهەموو ڕوویەکی وەك (ئـابووریی و سـەربازیی و سیاسـەتی دەرەوەو ئیمتیازاتـەکانی بێگانەوە دەسەڵاتی نفوزی بەریتانیای بەسەرمیرنشینەکەدا چەسپاندو دەسـەڵاتێکی زۆری دایـە دەسـت نوێنـەری بریتـانی لەئـەردەن. دوای دەرکردنی دەستوری ئـەردەنیی لـە ١٦ی نیسانی ١٩٢٨ دا، کەلـە (٧٢) مادە پێکدەهات و دامەزراندنی هەردوو ئەنجومەنی بەڕێوەبردن کەلە (٥) کەس پێکدەهات و ئەنجوومەنی یاسادانان کە لە ١٦کەس پێکهاتبوو ،

لە٤ی حوزەیرانی ١٩٢٩دا، ئەنجوومەنی یاسادانان پەیماننامەکەی قبـوڵ کـرد. ئـەوەش بوەهـۆی کاردانـەوەی هێزەنیـشتیمانخوازە ئەردەنییـەکان و لـەوپێناوەدا ڕۆژی ٥ی تـەمووزی ١٩٢٨ کۆبوونـەوەو کۆنفرانسێکیان بەست کەداوای سەربەخۆیی میرنشینەکەیان دەکرد ،ئەوانەی دواتر پارتێکیان بەناوی (پارتی لیژنەی تەنفیزی کۆنگرەی نیشتیمانی )پێکهات ...

لەسییەکانی سەدەی بیستەمدا، هێندێك دەرفەتیان بۆمیرنشینەکە ڕەخـسا کەزەمینـەی بـۆ سـەربەخۆبوونی ڕەخـساند، سـاڵی ١٩٣٦ ڕازییبوون بەوەی میر عەبدولاّ ئەنجومەنێکی وەزیرانی هەبێت لەجیاتی ئەنجومەنی ڕاوێژکاران ،ساڵی ١٩٣٩ هێندێك گۆڕان لەمادەکانی پەیمان

نامـەی ١٩٢٨بـەقازانجی نوێکردنـەوەی سـوپاو فراوانکردنـی کـرا و دەسەڵاتەکانی میر عەبدوڵا زێدەتر کرا .

وەزارەتـی نـوێی ئـەردەنی لـە ٦ی ئـابی ١٩٣٩ دا بەسـەرۆکایەتیی (تۆفیق ئەلهودا) دامەزرا، کەتاکو ساڵی ١٩٤٤بەردەوامبوو. لەپاش ئەو (سمیرالرفـاعی ) بـووە سـەرۆك وەزیـر لـە٢٥ئایـاری ١٩٤٦ ئەنجومـەنی یاسادانانی ئەردەنیی پەیماننامەیـەکی نـوێی (ئـەردەنیی –بریتـانیی ) قبـوڵکرد کـە شـوێنی ئەوەکـەی سـاڵی ١٩٢٩ی گرتـەوە. بـەوەش میرنشینەکە بووە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بەناوی (پاشایەتیی ئەردەنیی هاشمیی )و قۆناغێکی نوێ لە مێژووی ئەردەنیی نوێ دەستیپێکرد.

## دەوڵەتی سوریا :

خـاکی سـوریا بـە فەلەسـتین و لوبنانیـشەوە، پـێش جـەنگی یەکـەمی جیهـانیی، هـەروەك ناوچـەکانی تـری ڕۆژهـەڵاتی عـەرەبیی لـەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا بوو، لەچەند یەکەیەکی ئیداری پێکهاتبوو: ویلایەتـەکانی دیمەشـق، بـیروت، حەلـەب وسـنجقەکانی قـدس ودێرئەلزۆرو چیای لوبنـان، ئـەو ناوچانـەی کـە هـەر لەچارەکی یەکـەمی سـەدەی نـۆزدەوە بـووە ئامـانج و سـەرنجی چـالاکییە ئـابووریی و تەبشیرییەکانی فەرەنسییەکان و ئەوەش وای لـە (ریمـون بوانکاریـە ) ی سـەرۆك وەزیرانـی فەرەنـسا کـرد کـە لەسـاڵی ١٩١٢ دا بڵـێ "وڵاتـەکـەی لەسوریاو لوبنـان بەرژەوەنـدیی تایبـەتی هەیـەو واز لـەو پایەیـەی خـۆی ناهێنـێ لەو دووناوچەیەدا " شایەنی باسە، سـوریا دەکرێت وەك هـەرە

گرنگترین سەنتەری دەرکەوتنی بیری نەتەوەیی عەرەبیی لەکۆتایی سەدەی ١٩دا حساب بکرێت.

پاش هەڵگیرساندنی ئاگری جەنگی جیهانییو ڕاپەرینی شەریف حوسێن لەحیجازو سەرکەوتنی هێزە هاوپەیمانەکان لەبەرەکاندا، هێزە عەرەبییەکەی میر فەیسەڵ ڕێبەرایەتیی دەکرد توانی پێشڕەویی بکاتو لە ٣٠/ئەیلولی/١٩١٨دا چووە دیمەشقەوەو پاش ٨ ڕۆژ خۆی کرد بە بێروتدا. ئنجا فەیسەڵ حوکمەتێکی نیمچە سەربازیی لە ٥ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨دا لەدیمەشق دامەزراندوو چەند ئەنجوومەنێکی ڕاوێژکاری پێکهێنا، تا لەڕووی بەڕیوەبەرایەتییەوە ڕۆڵ ببینن، دواتر لە کۆتایی مانگی تشرینی دووەمدا سەردانی فەرەنسای کرد بەمەبەستی بەشداربوون لەکۆنگرەی ئاشتییدا، لە کۆنگرەکەدا فەیسەڵ لە ١٨ی کانوونی دووەمی ١٩١٩دا، هەستا بەپێشکەشکردنی دووبیخەرەوەو خواستە نەتەوەییەکانی باوکیو خۆی خستە بەردەم هاوپەیمانەکان، ئەوانەی بەگەرمیی گوێیان بۆ فەیسەڵ نەگرت و داواکارییەکەیان لە چەسپاندنی بەرژەوەندییەکانیان لەناوچەکەو پیادەکردنی پەیمانە نهێنییەکانی سایکس پیکۆو بەڵێنی بەلفۆر، مەسەلەی سوریایان بەئاسانی بۆساغ نەکرایەوە هەربۆیە لەسەرداوی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لیژنەیەکی ئەمەریکیان بەناوی (کنج-کراین ) ناردە سوریا بۆلێکۆڵینەوە لەڕاستییەکان .

لیژنەکە مەسەلەکانی یەکێتیی خاکی سوریاو خودموختاری لوبنانو دامەزراندنی حوکمەتێکی دەستوریی بە سەرۆکایەتیی فەیسەڵو کەمکردنەوەی کۆچی جووەکان بۆ فەلەستین لەپێشنیارەکانیدا چەسپاند، بێئەوەی لەلایەن فەرەنساو

بریتانییەکانـــەوە گـــوێی لێ بگـــیرێو پێـــشنیازەکانی پـــشتگوێ خـــرا، لـــەناوخۆی ســـوریاش دوو کـــۆنگرەی گـــشتیی یـــەك بـــەدوای یـــەك لـــــەحوزەیرانی ١٩١٩و ٨ ئـــاداری ١٩٢٠دا، بەســـــترا کەجـــــەختیان لەسەر :سەربەخۆیی ویەکگرتووی خاکی سوریاو دانانی فەیسەڵ وەك شـایەکی خـاوەن شـکۆو هـەڵکردنی ئـاڵاکرد، فەیـسەڵ لـە٩ی ئـازاری ١٩٢٠دا علــی ڕەزا پاشــا الرکــابی کــردە ســەرۆك وەزیــران وئــەویش حوکمەتـــە بێگانـــەکانی لـــە ســـەربەخۆیی ســـوریا ئاگـــادارکردەوەو ئەنجومـەنێکی وەزیرانـی لـە ٧وەزیـر پێکهێنـا هـەروەها دەسـتورێکی (١٤٨)مــادەیی ئامــادەکرا کــە ســوریا وەك دەوڵــەتێکی پاشــایەتیی یــەکگرتووی دەســتوریی ڕاگەیانــد کــە لەلایــەن بنەماڵــەی هاشمییــەوە بەڕێوە ببرێـت, وەزارەتەکـەی الرکـابی بـەیانێکی بـڵاو کـردەوە کەتێیـدا جەختی لەسەربەخۆیی سوریاو یەکسانی هاوڵاتیان لەبەردەم یاسادا، پاراستنی بەرژەوەندیی بێگانە، ڕێکخستنی کارە بەڕێوەبەرایەتییەکانو دانانی پلان بۆ چاککردنی ڕەوشی ئاوەدانییو خوێندنو فەرهەنگ.

شـــایەنی باســـە، تێکـــڕای هەوڵـــەکانی فەیـــسەڵ کـــە لـــەپێناوی بەدەستهێنانی دانپیانانی حوکمەتەکانی فەرەنساو بریتانیا بۆحوکمەتە عەرەبیەکـــەی ســـوریا دران، شکـــستیان خـــوارد. ئـــەو دەوڵەتانـــە بـــە کۆبوونـەوەی چەسـپاندنی بەرژەوەندیـەکانیان لەناوچـەکەدا سـەرقاڵ بوون، لە نیسانی ١٩٢٠دا، لە سانڕیمۆ، مەسەلەکانیان یەکالاکردەوەو ڕژێمی ماندێتییان چەسپاند، هەروەها بریتانییەکان هەتا ئەو کاتەش ژێربەژێر چالاکییەکانی فەیسەڵو نەتەوەییە عەرەبەکانی سوریایان پێ خۆشـبوو. وەك فـشار بەرامبـەر فەرەنـسییەکانو دەسـتهەڵگرتنیان لەناوچەی موصڵی دەوڵەمەند بەنەوت، بانگی فەیسەڵیان کرد بچێە

ئەورپاو لەوێش پێیان ڕاگەیاند کەناتوانن هیچ هاوکارییەکی بکەن و دان بەحوکمەتەکەیدا بنێن و هەوڵیدات لەگەڵ فەرەنسییەکاندا مەسەلەکە یەکالاً بکاتەوە. فەرەنسییەکانیش نە خودی فەیسەڵ و نەپێکهاتەی حوکمەتەکەیان پێخۆشبوو، هەربۆیە هەوڵەکانی فەیسەڵ لەو دانیشتنانەدا لەگەڵ فەرەنسییەکان بێ ئاکام بوو .

لە سوریاش پاش ڕاگەیاندی ماندێتیی فەرەنسییەکان بەسەر سوریاو لوبناندا ،حوکمەتەکەی الرکابی دەستی لەکارکێشایەوە حکومەتێکی نوێ بە سەرۆکایەتیی (هاشم الاتاسی ) ڕاگەیاند. ئەم حکومەتە سیستمی بەسەربازگرتنی بەزۆری (تجنید الأجباری ) ڕاگەیاندوو بڕیاریدا بەرگریی لە سەربەخۆیی سوریا بکات، هەرئەو کاتەش لە بەشەکانی دیکەی سوریاو لوبناندا چالاکی و خۆپیشاندان دژی هێزە فەرەنسیەکان دەستیپێکردبوو کە بوونە سەرچاوەی بێزاریی. ژەنەڕاڵ (گۆرو ) کە ڕابەری گشتیی هێزەکانی فەرەنسابوو لەسوریا، لە١٤ی تەمووزی ١٩٢٠دا، ئاگادارییەکی ئاڕاستەی حکومەتەکەی فەیسەڵ کرد کەئەم خالآنەی لەخۆ گرتبوو

١-ڕێگای ئاسنینی (ریاق -حەلەب) تەسلیمی فەرەنسییەکان بکرێت.

٢-خزمەتی سەربازیی حکومەتە عەرەبییەکە هەڵبوەشێنرێتەوە.

٣-ماندێتی فەرەنسییەکان بەسەر سوریادا دانیپێدابنرێت .

٤-ئەوپارە کاغەزینە قبوڵ بکرێت کە فەرەنسییەکان بەناوی بانکی سوریی لێیانداوە.

٥-سزای ئەوانە بدرێت کەدچی فەرەنسیەکان کاری خراپیان ئەنجام داوە

ئـەم ئاگادارییـە هەڕەشـەئامێزەی گـۆڕۆ، فەیـسەڵو حكومەتەكـەی خستە بارێكی نالەبارەوە، ئەوانەی بە پەلە كەوتنە كۆبوونەوە بۆئەوەی بڕیاربدەن چیبكەنو چۆن ڕووبەڕوی ئەو مەسەلەیە ببنەوە. خەڵكیش لێرەو لەوێ دژی فەرەنسییەكان خۆپێشاندانیان كردو داوای بەرگرییان دەكرد، سەرئەنجام فەیسەڵ كە زانی فەرەنسییەكان سورن لەسەر كشانی سـەربازییان بـۆ دیمەشـق، (سـاتح ئەلحوصـەری ) وەزیـری معـاریفی حكومەتەكـەی وەك نوێنـەرێك نـارد تـاكو لەگـەڵ فەرەنـسییەكان بكەوێتـە گفتوگـۆو ئـەوەیان پـێ ڕابگەیـەنێت كەحكومەتـە عەرەبییەكـە بەنـدەكانی ئاگادارییەكەی قبوڵە، بەڵام فەرەنسییەكان كـە ٤ ڕۆژیـان مۆڵـەت دانـابوو، ئامادەنــەبوون حوصــەری ببیــننو لــە٢٤ی تــەموزدا لەگــەڵ هێــزە عەرەبیەكاندا لەشەڕی مەیسەلون دایان بەیەكداو ٨٠٠ كەس لە سوپای عەرەبیی بە یوسف ئەلعەزمەی وەزیری جەنگیشەوە كوژرانو سوپای فەرەنـسیی سـەركەوتووانە چـووە دیمەشـقو پاشـایەتیی فەیـسەڵیان لەسـوریا ڕووخانـدووو مـاوەی چـەند ڕۆژێكیـان بـۆ دانـا تـاكو سـوریا بەجێبهێڵێت.

بـەم جـۆرە، فەرەنـسییەكان یەكـەمین ئـەزموونی دەسـەڵاتدارێتیی نەتـەوەیی عـەرەبیان پـاش جـەنگی یەكـەم لەسـوریا لـەباربردوو خۆیـان بەسەر ئەوناوچەیەدا سەپاند .

## سوریا لەنێوان ماندێتی فەرەنسییەکان و سەربەخۆبووندا :

بە ڕووخاندنی حکومەتی عەرەبیی لەدیمەشق، فەرەنسییەکان ماندێتیی خۆیان بەسەر سوریا سەپاندو نوێنەری بالأی فەرەنسا بووە بەرزترین دەسەلأت، لەڕووی بەڕێوەبەرایەتییەوە سوریا بۆ چەند دەسەلأتێکی ئیداریی جیاجیا دابەشکرا وەك(حەلەب-دیمەشق-لازقیە ) و هەوڵ بۆ جیاکردنەوەی تەواوی لوبنان دراوفەرەنسییەکان کەوتنە وێزەی کەسایەتییە نیشتیمانپەروەرەکان و ژمارەیەکی زۆریان لێگرتن و شارەکانیشیان ناچارکرد کەسزای جەنگی مادیی بدەن، شایەنی باسە، سیاسەتی ماندێتیی توندوتیژیی فەرەنسییەکان وا بە ئاسانیی بۆ خەڵکی سوریا قوت نەدەچوو هەربۆیە لێرەو لەوێ وجارجارە ڕاپەڕین و جووڵانەوەی چەکدارانە دەقەوما، وەك ڕاپەڕینەکەی (دێر ئەلزور) لەساڵی ١٩٢١ و ڕاپەڕینەکەی چیای (دەروز) لەساڵی ١٩٢٥ ئەوانەی لەلایەن سوپای فەرەنساوە بەتوندترین شێوەسەرکوت کرا .

هەروەها مەزنترین ڕاپەرین دژی ماندێتی فەرەنسا ئەوەبوو کە لەئابی ١٩٢٥ هەڵگیرسا نزیکەی ٢ساڵی خایاند ،فاکتەری ڕاستەخۆشی ئەوەبوو کاتێك جەنەراڵ ساریل زۆر خراپ مامەڵەی لەگەڵ شاندێکی نیشتیمانپەروەران کرد کەسەردانیان کرد. ڕاپەڕینەلە چیای حۆرانەوە بەڕێبەرایەتیی (سوڵتان پاشای ئەترەش ) دەستیپێکردو بۆناوچەکانی دیکەی دیمەشق و لازقییەو حەلەبیش تەنییەوە. فەرەنسییەکان پاش بەکارهێنانی توندوتیژییەکی زۆر توانیان ئەو ڕاپەرینە خامۆش بکەن .

حکومـەتی فەرەنـسا هەوڵیـدا تاڕادەیـەك سیاسـەتی خـۆی بگۆڕێـت بەرامبــەر ســوریاو ســوکە حیــسابێك بۆهێزەنیــشتیمان پــەروەرەکان بکات .لەساڵی ١٩٢٨ دا نوێنـەری نوێی بالآی فەرەنسی لەسوریا (دی جوڤنێــــڵ /Dejouvenel) هەســـــتا بەســـــازدانی هەڵبــــژاردنێك بۆئەنجوومەنی دامەزراندن کەتێیدا (بلۆکی نیشتیمانی ) بردیانـەوە، کـە سەرکردەکانیان (هاشم الاتاسی وسعدالله جابری ) بوون، ئەو بلۆکـە لـە ٤ی تـشرینی دووەمـی ١٩٣٢دا، کۆنگۆەیـەکیان پێکهێنـا کەژمارەیـەك پـارتی وەك (پـارتی سـەربەخۆیی –پـارتی گـەل –پـارتی نیـشتیمانی سوری ) لەخۆ گرتبوو. کۆنگرە لەیەکەم بەندی پەیڕەوو پڕۆگرامەکەیـدا وتبـووی کـە بلـۆکی نیـشتیمانیی، کۆمـسیۆنێکی سیاسـییە ئامـانجی ڕزگـارکردنی ســوریاو گەیانــدنی ســەربەخۆیی تــەواوو چەســپاندنی ســەروەریی تــەواوە بەســەر خاکــە دابەشــکراوەکەیدا لەیــەك دەوڵــەتو زامنکردنی یەکێتییە لەگەڵ وڵاتە عەرەبییەکانی تردا.

ئەنجوومەنی دامەزراندن لەساڵی ١٩٢٨ دەستورێکیان بۆ سوریا دانا کـە فەرەنـسییەکان قبوڵیـان نـەکرد چونکە باسـی لەیـەکێتیی سـوریاو دامەزراندنی سوپایەکی سوریی کردبوو. لەساڵی ١٩٣٠دا، دەستورێکی نـوێ بۆسـوریا دانـرا کـەتێکرای بەنـدەکانی دەسـتوری سـاڵی ١٩٢٨ی لــەخۆ گرتبــوو، جگەلــەو بەندانــەی فەرەنــسا قبــوڵی نــەکردبوو، ئەنجوومەنی دامەزراندنیش دەستی لێهەڵنەگرت .

(پۆنـسۆ/ponso) نوێنــەری بـالآی نـوێی فەرەنـسا کەسـایەتییەکی نەرمتری لەهەمبەر کۆلۆنییەکاندا گرتبۆبەر سیاسەتێکی ئەوتۆ بەرامبەر سوریا پیادەکرا کە لەڕێگەی ڕێکەوتننامەیەکەوە پەیوەندییەکانی نێوان

سورياو فەرەنسادياريبكرێن، ئەو سياسەتەش پەيماننامەی ٩ی ئەيلولی ١٩٣٦ی لێکەوتەوە کەمەرجەکانی :

– سوريا پاش سێ ساڵ ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ .

– فەرەنسا بۆئەندامێتيی سوريا لەکۆمەڵەی گەلاندا کاربکات بەمەرجێ فەرەنسا دووبنکەی ئاسمانيی هەبێت لەسوريا ..جگەلە مانەوەی دووسەربازگەی هێزەکانی فەرەنسيی لەناوچەکانی دەروزو عەلەوييەکان بۆماوەی ٥ ساڵ ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

– پسپۆڕی سەربازيی فەرەنسيی سوپای سوريا ڕابهێنێت مەشقيان پێبکات، ئەوسوپايەی دەبێ چەكو تەقەمەنيی بۆ دابينبکرێت، لەکاتی جەنگيشدا سوريا هاوکاريی فەرەنسا بکات لەپاراستنی فڕۆکەخانەکانو ڕێگاکانی هاتووچۆ .

لەڕاستييدا، ليژنەی کاروباری دەرەوەی فەرەنسا ڕەزامەندی لەسەر ئەم پەيماننامەيە پێشان نەدا، بەو بيانووەی کە سوود بە بەرژەوەندييەکانی فەرەنسا ناگەيەنێت، بەتايبەتی لەکاتێکدا کە هەڕەشەی جەنگێکی جيهانيی مەترسيی بۆ بەرژەوەنديی فەرەنسا پێکدەهێنا.

پێويستە بوترێ، کە هەر لەو قۆناغەدا بوو فەرەنسييەکانو ولايەتی ئەسکەندەرونەيان بەخشييە دەوڵەتی توركيا لەتەموزی ١٩٣٩دا, ئەوەش سورييەکانی توڕەکرد، ئەوانەی لەو قۆناغەدا کارێکی ئەوتۆيان دژی فەرەنسا پێنەکرا. بەڵکو چاوەڕێی تەواوبوونی ساڵەکانی جەنگی دووەمی جيهانيی (١٩٣٩–١٩٤٥) بوون کە پاش تەواوبوونی خەباتی سورييەکان چووە قۆناغێکی نوێ وەو لە١٧ی نيسانی ١٩٤٦ دا سەربەخۆيی سياسييان بەدەستهێنا.

.

## سیاسەتی زلهێزەکان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا لە سالانی نێوان هەردوو جەنگدا

ئاشکرایە کە یەکەمین جەنگی جیهانیی زادەی ئەو ناجێگیریی و ناهاوسەنگییە بوو کە لە هەلومەرجی سیاسیی و سەبازیی و ئابووریی و کۆمەلایەتییدا لەسەر ئاستی جیهانیی لەئارادا بوو، ئەوەی هاوکاتبوو لەگەلّ پەیدابوونی نیگەرانیی سەبارەت بە لەدەستدانی بەرژەوەندیی و هەروەها هەولدان بۆ فراوانکردنی سنووری ئەو بەرژەوەندییانەو ململانێ لەپێناو زیادکردنی ژمارەی کۆلۆنییەکان لەنێوان زلهێزەکاندا،

ئـەو ململانێیـەی تـا ئاسـتێکی بـەرفراوان ناوچـە عەرەبییـەکانی لـە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گرتەوە.

هەر لە ساڵانی جەنگدا جۆرێك لە بەستنی پەیماننامەی سیاسیی و سەربازیی و ئابووریی لەنێوان وڵاتانی زلهێز هاتەئارا، کە دیارترینیان پـەیمانی سـایکس–پیکـۆ بـوو لـەنێوان هاوپەیمانەکانـدا (بریتانیـا و فەرەنـسا و دواتـریش رووسـیا و ئیتالیـا) بـۆ دابەشـکردنی میراتیـی پیاوەنەخۆشەکە کە بەشێکی مەزنی لەناوچە عەرەبییـەکان دەگرتـەخۆ. لـە پـاش کۆتاییهـاتنی جـەنگ و شکـستی ئیمپراتـۆریی عوسمـانیی و دەستپێکردنی کۆنگرەی ئاشتیی لەپاریس لەساڵی ١٩١٩دا، ململانێی زلهێزەکانی هاوپەیمان بۆ ژێرچنگخستنی مەزنترین بەشی ئەو میراتییە لەوپـەڕی ئـاڵۆزیی و توندییـدا بـوو. ئـەو کۆنگرەیـەی بـۆ داڕشـتنەوەی نەخشەوجیۆگرافیای سیاسیی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاست لەلایـەن وڵاتـانی زلهێزەوە بەڕێوەچوو بەتایبـەت بریتانییـەکان کـە هـەژموونێکی مـەزنیان بەسەر ئەو کۆنگرەیەو داڕشتنەوەی ئەو نەخشەیە گێڕا.

زۆرتـرین کێـشە لـەکۆنگرەی ئاشـتییدا بریتیبـوو لـە دیـارییکردنی سـنووری ئـەو ناوچـانەی کـە پێـشتر بـەنهێنیی دابەشـکرابوون، لـە سـەرەتادا هاوپەیمانـەکان هەوڵیانـدا لەڕێگـەی مـۆرکردنی پـەیمانی سـیڤەرەوە لـە ئـابی ١٩٢٠دا، خولیـای هـەژاوی نەتـەوە بندەسـتەکانی عوسمـانیی وەك "عـەرەب، ئەرمـەن، کـورد..هتـد" هێوربکەنـەوە و میراتییەکـە لـەنێوان خۆیانـدا دابەشـبکەن، بـەڵام دواتـر لـەئاکامی باڵادەسـتیی جووڵانـەوەی کـەمالیی و سـەرکەوتنییان بەسـەر یۆنانییـەکان و بێکاریگـەرکردنی دەسـەڵاتی سـوڵتان لـە ئەسـتەمبوڵ، هاوپەیمانـەکان سـیڤەریان هەڵپەسـارد و ڕێکەوتننامەیـەکی نوێیـان

بەناوی لۆزانەوە لە ١٩٢٣دا لەگەڵ کەمالییەکاندا مۆرکرد. ئەم ڕێکەوتننامەیە کێشەی موسڵی بە هەڵپەسارراوی لەنێوان بریتانییەکان و دەوڵەتی نوێی تورکیادا هێشتبووەوە و دواتر لەساڵی ١٩٢٥ یەکالا بووەوە.

بەشێوەیەکی گشتیی دەتوانین سیاسەتی زلهێزەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ساڵانی نێوان هەردوو جەنگدا بەمشێوەیەی لای خوارەوە ڕوونبکەینەوە:

## یەکەم: سیاسەتی بریتانیی

بریتانیا وەك ئیمپراتۆرییەك کە لەپاش یەکەمین جەنگی جیهانیی بالادەستترین زلهێزبوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، سنووری کۆلۆنییەکانی هێندە فراوانبوو کە پێی دەوترا" ئەو ئیمپراتۆرییەی هەرگیز خۆری لێ ئاوا نابێت". لەبەرئەوە کاریگەرترین زلهێزو خاوەن بڕیاری دیارییکەر بوو لە ڕووداوەکانی ئەم ناوچەیە لەوماویەدا. ئەو زلهێزەی خوازیاربوو بەرگریی لە بەرژەوەندییە بەدەستهاتووەکانی پاش جەنگی بکات و بیانچەسپێنێت. بێگومان ئەم هەوڵەشی لەساڵەکانی جەنگەوە دەستپێکردبوو، بەمشێوەیە:

أ- بەگوێرەی پەیمانی سایکس-پیکۆ، زۆرینەی ناوچە بایەخدارەکانی وەك کەنداو بەشێکی بەرفراوانی میسۆپۆتامیا (دواتریش ویلایەتی موسڵ) لەگەڵ کەنارەکانی حەیفا و یافا لە فەلەستین..هتد بۆ خۆی دانابوو، ئەو ناوچانەی کە سەرجەمیان پێگەی

ستراتیژیی و جیۆپۆلەتیکی سیاسیی و ئابوورییان لەرۆژهەلاتی ناوەڕاستدا هەیە.

ب- جێبەجێکردنی بەڵێنی بەلفۆرو زەمینەخۆشکردن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە فەلەستین کە هەم لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی بریتانیا و رۆژئاوادا بوو، هەروەها کارتێکی فشاریش بوو بەسەر عەرەبەکانەوە.

ج- بریتانیا لەرێگەی رێکەوتنی حسێن-مەکماهۆن توانی عەرەبەکان بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوەو پەیوەندییەکانی خۆی بە بژاردەی سیاسیی عەرەبەوە بەهێزکرد، ئەوانەی بریتانیان بە بەدیهێنەری ئاواتە نەتەوەییەکانیان دەزانی و ئومێدێکیان مەزنیان پێی هەبوو.

هاوکات لەگەڵ ئەم هەنگاوانەدا، بریتانییەکان توانیان لە ناوچەکەدا قۆرخی هەرێمە نەوتییەکان و دەرهێنانی سامانە کانزاییەکان و رێگەی ناردنە دەرەوەو هەروەها بازرگانیی بە پلەی یەکەم بۆخۆیان مسۆگەر بکەن، لەبەرئەوەی بریتانیا لەم قۆناغەدا هەوڵی چەسپاندنی پێگەی خۆی لە رۆژهەلاتی ناوچە عەرەبییەکانی وەك " فەلەستین، ئەردەن، عێراق و سعودیەو کوێت و ولاتانی دیکەی کەنداو و دەوروبەری دەداو لەم ناوچانەدا سەرەتا فۆرمی ماندات و دواتریش رێکەوتنی دووقۆڵیی بەسەرداسەپاندن و بەخۆیەوە وابەستەی کردن.

بریتانیا پێویستبوو لەگەڵ ئەم هەولانەیدا خۆی لە دوو زلهێزی سەرەکیی دیکەی وەك روسیا و فەرەنسا بپارێزێت و مەترسیی و کێبڕکێی ئەو زلهێزانە لەسەر بەرژەوەندییەکانی کەمبکاتەوە. لەپێناو رێگرتن لە روسیا، ئەو توانی کێشەی ویلایەتی موسڵ لەگەڵ تورکیادا بەقازانجی خۆی یەکلابکاتەوە، بەجۆرێك نەوتی ئەم ویلایەتە (بەتایبەت

له کەرکوك) بۆخۆی قۆرخبکات‌و لەچوارچێوەی پێکهات‌و سنوورێکی نوێدا بەناوی "عێراق" کە لەسایەی ماندێتی خۆیدا بوو دەستی بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانی لەناوچەکەدا کراوەبێت. هەروەها پاش ئەوەش پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا ئاساییکردەوەو لەوەشدا ئەو دەوڵەتە نوێیەی وەك لەمپەرو تامپۆنێك لەنێوان روسیای بەلشەفیی‌و ناوچەکانی نفوزی خۆی لە کەنداوو میدیترپانەو تەواوی رۆژهەلاتی ناوەڕاست دەبینی. لەم پێناوەشدا بریتانیا هەوڵیدا وڵاتانی رۆژئاواگەرای ناوچەکە لە هاوپەیمانیەتییەکدا دژ بە روسیای شورەوی و هێزە نەیارەکانی دژ بە رۆژئاوا کۆبکاتەوە، ئەوەی کە لە پەیماننامەی "سەعدئاباد" ساڵی ١٩٣٧دا خۆی بەرجەستەدەکات کە سەرجەم وڵاتانی "عێراق، ئێران، تورکیاو ئەفغانستان بەشدارییان تێدا کردبوو.

سەبارەت بە فەرەنساش کە هەر لەسەرەتاوە لە رێکەوتننامەی سایکس-پیکۆدا ناوچەی ویلایەتی موسڵی بۆ دانرابوو، بریتانیا توانی ئەم دەوڵەتە رازییبکات کە دەست لەو ویلایەتە هەڵبگرێت‌و وێڕای هەندێك وردە ناکۆکیی، لەبەڕێوەچوونی سیاسەتەکانیدا لەناوچەکەدا لەبەرەیەکدا هاوکارو هاوپەیمان بن.

بریتانیا لەماوەی نێوان ساڵەکانی هەردوو جەنگی جیهانییدا لەناوچە عەرەبییەکان پشتی بە چینی سونەتیی(موڵکدارو شێخ‌و سەرۆکخێڵەکان)و هەروەها بۆرجوای کۆمپرادۆر دەبەست‌و لەرێگەی دامەزراندنی سیستمی پاشایەتیی بەستراوەو بەهۆی سیستمی ماندات‌و دانانی بنکەی سەبازیی بۆ هێزەکانی ئاسمانی پاشایەتیی لەو ناوچانە، مانەوەو ئامادەیی خۆی بچەسپێنێت. شایەنی باسە، بریتانیا

بەگرتنەبەری ئەو سیاسەتە کۆنەپارێزانەیە باشتر دەیتوانی لەوڵاتانی دواکەوتوودا سەرکەوتووانە بەرژەوەندییەکانی بپارێزێت(وەك شێخنشینەکانی کەنداو)، بەڵام لەوڵاتانێکدا کە پەرلەمان‌و حیزبایەتیی‌و رۆژنامەوانی تێدا بووایە سەرئێشەو گرفتی زۆری بۆ دروست دەبوو (وەك عێراق‌و میسر). بەڵام بەڕێوەچوونی ئەم سیاسەتەش بێ گرفت نەبوو، چونکە بوونی ژمارەیەکی زۆری ئەو بنکە سەربازییانە لەناوچەکە بەتایبەت لە رۆژئاوای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست(میسرو ئەریتریا) پێویستی بە ژمارەیەکی زۆری سەربازو خەرجییەکی زۆر هەبوو، جگە لەوناوچە بەرفراوانەی کەنداوی فارس‌و عێراق‌و کەناڵی سوێس. ئەمەش بووەهۆی ئەوەی کە بریتانیا لەسەروبەندی هەڵگیرساندنی دووەمین جەنگی جیهانییدا ناچاربێت داوا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بکات لەپاراستنی ناوچەکەدا هاوکاریی بکات. شایەنی باسە، هەر لەسەرتاوە گەشەکردنی جووڵانەوە نەتەوەیی‌و نیشتیمانییەکان تادەهات فشاریان لەسەر بوونی بریتانیی‌و سیاسەت‌و بەرژەوەندییەکانیان زێدەتر دەبوو، هەر راستەوخۆ پاش جەنگ راپەڕینەکانی میسر ١٩١٩، میسۆپۆتامیا ١٩٢٠، فەلەستین ١٩٣٦، کێشەی مەزنیان بۆ بریتانییەکان هێنایەئارا، دواتریش پەرەسەندنی ئەو جووڵانەوانە لە هەریەك لەو وڵاتانە بوونە هەڕەشەیەکی توند لەسەر بەرژەوەندییەکانی بریتانیا و بەچەشنێك پێگەی بریتانیا لەم ناوچەیەدا هێدی هێدی لەپاش جەنگ رووی لە کزیی دەکردو بۆشاییەك هاتەکایەوە کە هێزێکی دیکە کەوتەخۆ بۆ پڕکردنەوەی.

دووەم : روسیا

ویڕای ئەوەی روسیا لەپاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو بەدەستەوەگرتنی دەسەلآتداریی لەلایەن بەلشەفییەکانەوە لە پەیماننامە نهێنیی و داگیرکارییەکان کشایەوەو هەموو هەوڵەکانی خۆی بۆ دامەزراندنی ئەزموونی سۆشیالیزم لەو ولآتەدا خستەگەڕ، بەلآم هەوڵێکی بێوچانی لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ولآتانی هاوسنوور دەدا، بەتایبەت ئەفغانستان و ئێران، هەر لەسەرەتاشەوە هەوڵیدا پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەگەڵ کەمالییەکانی تورکیادا دابمەزرێنێت و رێکەوتننامەی دۆستانە لەگەڵ ئەو ولآتانەدا مۆربکات.بەلآم بەهۆی بوونی مەودایەکی بەرفراوان لەنێوان خۆی و ناوچە عەرەبییەکان و هەروەها بوونی دەسەلآتی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆی بریتانیی و فەرەنسییەکان لەم ناوچەیەدا کە لەمپەرێکی مەزن بوو لە رێگەی بوونی هەر پەیوەندییەکی نێوان روسیا و ناوچە عەرەبییەکاندا، لەم ماوەیەدا کە هێشتا ناکۆکیی و کێشمەکێشی نێوان عەرەب و رۆژئاوا لەقۆناغی بەراییدا بوو، هەروەها گەشەکردنی ئەو ناوچانە بەڕادەیەك نەبوو لەڕووی ئابووریی و کۆمەلآیەتییەوە کە چینێکی بەهێزو بەژمارە زۆری پرۆلیتاریای عەرەبیی بێتە سەر شانۆو کەناڵێك بێت بۆ تێخزانی نفوزی روسیای شورەوی وەك ئەوەی لەهەندێك ولآتانی دیکەی نیمچە پێشکەوتووی جیهاندا هەبوو. پاشتر بوونی کەلتوورو سەرخانێکی بەهێزی سونەتیی و ئاینیی لەناوچە عەرەبییەکان دژ بە بلآوبوونەوەی هزرو کاری کۆمۆنیستیی بوون لە ناوچەکەدا. دیارە رووسیا کە لە١-٨ی ئەیلولی ساڵی ١٩٢٠، سەرپەرشتیاری کۆنگرەیەکی مەزنی لەباکۆ کرد کە بەناوی " کۆنگرەی

گەلانی رۆژهەڵات"بووو لە کۆنگرەیەدا کە ٨ کوردو ٣ عەرەبی تیچدا بەشداربوو،دروشمی رزگارکردنی گەلانی کۆلۆنیی و نیمچە کۆلۆنییەکان لە دەستی ئیستیعمار"کرایە پرنسیپ. لە بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەدا هاتبوو:" ئەی گەلانی رۆژهەڵات! ئینگلتەرا چی پێشکەشی دورگەی عەرەبیی و عێراق کردووە؟ ئەو رایگەیاند کە سێ دەوڵەتی سەربەخۆی ئیسلامیی بوونەتە کۆلۆنیی خۆی، ئەو خاوەن موڵکەکانی عەرەبی لە زەوییەکانیان دەرکردووەو لە بەپیتترین دۆڵەکانی دیجلەو فورات و لە باشترین لەوەڕگا بایەخدارەکان بێبەشی کردوون، هەروەها دەستیگرتووە بەسەر بەنرخترین بەروبومە نەوتییەکانی موسڵ و بەسرەدا. بەمشێوە عەرەبی لەهەموو سەرچاوەکانی ژیان بێبەشکردووە، لەکاتێکدا بریتانیا گرەو لەسەر ئەو برسێتییە دەکات کە بەدەستییەوە دەناڵێنن بۆئەوەی ملکەچیانبکات و بیانکات بە کۆیلە... ئینگلتەرا چی پێشکەشی فەلەستین کردووە؟ بۆ رازییکردنی دەستەیەك لە سەرمایەدارە جووو ئینگلیزەکان، عەرەبەکانی لە زەوییەکانی خۆیان دەرکردووەو داوێتی بە جووە نیشتەجێکراوەکان...ئەو دووبەرەکیی و کینەو رقی لەنێو هەموو خێڵەکاندا چاندووە، تاکو هەردوولا لاواز بکات و خۆی لەونێوەدا قازانج بکات. ئینگلتەرا چی بۆ میسر کردووە؟ لەوێ دانیشتووانەکەی بۆماوەی هەشت دەیەیە لەبن ستەمی سەرمایەدارنی ئینگلیزدا دەناڵێنن، ئەو ستەمەی کە لە ستەمی ئەو فیرعەونانە گرانترە کە ئەهرامەکانیان لەکاری کۆیلەکان بنیاتناوە..تێکرا یەکدەست راپەڕن و جیهادی پیرۆز دژی ئینگلیز رابگەیەنن... ئەو جیهادە پیرۆزەی لەپێناوی رزگارکردنی تەواوی مرۆڤایەتییە لە کۆتی کۆیلایەتیی

سەرمایەداریی و ئیستیعمار، بۆ کۆتاییهێنانی چەوساندنەوەی گەلێك بۆ گەلێکی دیکەو ئیستیغلالی مرۆڤێك بۆ برا مرۆڤەکەی تری...جیهادێکی پیرۆز لەپێناو ئازادیی و سەربەخۆیی و بەختەوەریی تەواوی گەلانی رۆژهەلات." روسیا لەم قۆناغەدا هەوڵیدەدا لەرێگەی پاگەندەی ئایدۆلۆجیا و هاندان و بانگەشەکردن بۆ شۆڕشەوە بخزێتە ناوچەکەوەو دژایەتیی برتانیا و فەرەنسا بکات. ئەوەی پاش هەڵگیرساندنی دووەمین جەنگی جیهانیی پێی نایە قۆناغێکی نوێ و بە چەندین رێگەو شێوەی جیاواز هێرشی خۆی دژی زلهێزەکانی رۆژئاوا و تێکەڵ بوون بە رووداوەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتیی و ناوچە عەرەبییەکان بەتایبەتیی دەستپێکرد.